**بۆ هەڤاڵانی م. س. یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تێکۆشەر!**

لەگەڵ ڕێز و سڵاوێکی گەرمدا، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. .

بەڕیزان! لەگەڵ ئەم نامەیەدا نوسراوی "**یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەدەی 21 دا**" تان پێشکەش دەکەم، کە بریتییە لە هەندێک پێشنیار و سەرنج دەربارەی نوێکاری لە یەکێتیدا.

هیوادارم جێگای سەرنجی بەڕێزتان بێ و بۆ گەشەپیدانی یەکێتیمان بەسود بێ.

هەر بژین بۆ خزمەت و سەربەرزی گەلی کوردستان.

دڵسۆزتان

هیوا کاردۆیی

2005/10/30 سلێمانی

**پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تێکۆشەر!**

# یــەکێـتـی نیـشـتـمـانـی کـوردسـتـان
# لـە ســەدەی 21 دا

**لێکۆڵینەوە و پێشنیار دەربارەی چاکساز و نوێکاری**
**لە یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا**

**نـووسـەر: هـیـوا کـاردۆیـی**

**سلێمانی ئۆکتۆبەر 2005**

# ناوەڕۆک

لاپەرە


سەرەتا

دیاردەکانی هۆی لاواز بوونی یەکێتی 2

**بەشی یەکەم: بەراوردێکی گشتی** 3

1- ئێمە و سوید

2- فرەجۆری/ هەمەڕەنگی

3- ژنان و لاوان و نوێنەری سەندیکا لە مەکتەبی سیاسیدا

**بەشی دووەم: نوێکاری ڕێخراوەیی و پرۆگرامی** 6

1- نوێکاری پۆستی سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی

2- دانانی جێگری سکرتێری گشتی

3- پیاچوونەوەی پێرەو و پرۆگرام

4- بەستنی کۆنگرە

5- پلێنۆم یا کۆنگرەی تایبەتی

6- ئینتەرناشونالیزم

7- ژینگەپارێزی

8- گۆرینی ناوی یەکیتی

**بەشی سێهەم: زیاد کردنی لامەرکەزییەت و دیموکراتی** 12

1- گۆرینی شانە و پۆل بۆ کۆمەڵە

2- دامەزراندنی کۆمەڵەی تورکمان، عەرەب، ئاسوری

3- زیادکردنی ژمارەی ئۆرگانە سیاسییەکان:

4- ئینتەرنێتی یەکێتی

**بەشی چوارەم: دووبەرەکی ناو یەکێتی** 17

1- مەترسی ناکۆکی و سودی تەبایی:

- سیناریۆی (نەگۆر) ستاتوس کۆ
- سیناریۆی جیابوونەوە
- سیناریۆی شەڕ
- سیناریۆی هاوکاری و هاوخەباتی

2- هەڵبژاردن و پۆستی ستراتیژی

3- چارەسەری کێشەکان

4- هەندێک لەو چالاکیانەی کە پێویستە بکرێن

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەدەی 21 دا

**پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تێکۆشەر!**

**سەرەتا**

بەداخەوە هەندێک نیگەرانیم دەربارەی چارەنووسی یەکێتی و کورد لە دڵدایە، کە دەمەوێ وەک کادر و پێشمەرگەیەکی دێرینی یەکێتی، کە زیاد لە چارەکە سەدەیەکە من خەباتی لەگەڵ دەکەم، وە لە ڕوانگەی کارکردنم لەگەڵ پارتی سۆشیالدیموکراتی سویدەوە، بە ڕاشکاوانە چەند بیروبۆچوون و پێشنیارێک بیخەمە بەردەم بەڕیزتان.[1]

نیگەرانم چونکو لەگەڵ ئەوەی کە بارودۆخی کوردستان و عێراق گونجاوە بۆ کورد، کە بێگومان زۆریش ناسکە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسی لاواز و پارچە بوونی یەکێتی لە ئارادایە، کە سەرئەنجامەکەی بەزەرەری کورد و بزوتنەوەی دیموکراتی تەواو دەبێ. لاواز بوونی یەکێتی دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕۆڵی سەرەکی بزوتنەوەکە و کۆنترۆڵ نەکردنی ئەم بارودۆخە، ئەوەش واتای لاوازبوونی ڕێبازی کوردایەتی و فکری سۆشیالدیموکراتی‌یە.

**دیاردەکانی هۆی لاواز بوونی یەکێتی:**

1/ ئاشکرایە کە بارودۆخی کوردستان و جیهان گۆراوە، ئامانجەکانی کورد و شێوازی خەبات گۆراون و زەمینەیەکی جیاواز تر دروست بووە، کە پێویستە یەکێتی کار و گەشەی تێدا بکا. لەبەر ئەوە پێویستە یەکێتیش مۆدێرنسازی بەشێوەی ڕیفۆرم و چاکسازی و نوێکاری لە خۆیدا بکا، بۆ ئەوە چاکتر بتوانێ لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا و داهاتودا سەرکەوتو بێ.
ئاگادارم سەرکردایەتی هۆشیارن لەو باسە و چەندجار لە وتار و چاوپێکەتنەکانیاندا باسکراوە و هاندان و بانگاشە کراوە بۆ بیری تازە و نوێکاری، بەڵام تا ئێستا بەرنامەی بۆ دانەنراوە و بە پراکتیکیش ئیشی بۆ نەکراوە. بێگومان بیری نوێ ئاسان ناخوڵقێ، بەڵکو دەبێت زەمینەی بۆ خۆشبکرێت و بەردەوام لەسەر نوێکاری کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو شێوازە ببێتە ڕەوش و کاری ڕۆژانە و ئاسایی. وەک ڕۆبەرت واتەرمان، پسپۆر لە بواری نوێکاریدا دەڵێ: *"لەبەر ئەوەی گۆران شتێکی سروشتییە، ئەوا پێویستە بێوچان نوێکاری بکەین، ئەمەش واتای ئەوەیە مرۆڤ نابێ وابیربکاتەوە کە گۆرانکاری کاتێک دەکرێ کە ئیجبار بیت –واتە ئەو کاتەی رووبەڕی بەربەست دەبیتەوە. لە حاڵەتی وادا ناتوانرێ بەیەک جار هەموو گۆرانکارییەکان بکەین و لەهەمان کاتیشدا بەردەوام بین لە کارکردن بۆ پێشەوە".*

هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ژیان و بیرکردنەوەی خەڵکیش گۆراون، کە یەکێتی دەتوانێ شانازی بکا، کە کاریگەری پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر گۆرانکارییەکان و گوزەران باشکردن، بەڵام بەداخەوە خودی یەکێتی خۆی لەگەڵیدا نەگۆریوە، کە خەریکە کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر کۆمەڵگا دروست بکا.
بەشێوەیەکی گشتی مێژوو دەریخستووە کە دەبێ دەزگا سیاسی و حیزبییەکان خۆیان لەگەڵ نوێکارییەکان ناو کۆمەڵگا بگۆرین نەک بەپێچەوانەوە. لەهەمان کاتدا پێویستە چاکسازی و نوێکاری ڕاستەقینە دوای لێکۆڵینەوە بەقەناعەت و باوەڕی هەموو بکرێ، بۆ ئەوەی سەرئەنجامێکی باشی هەبێ، نەک گۆرانکاری بەکاربهێنری بۆ لیدانی لایەنێک یا پاکسازی شەخسی.

---

[1] ماوەیەکی زۆر بوو بیری نووسینی هەندێک ڕەخنە و پێشنیارانەم هەبوو، لە مانگی حەوتدا لە کاتی سەردانی دۆستی دڵسۆزم کاک عومەر سید علی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، پرسیارم لێکرد کە ئایا م.س پێی باشە من ئەو پێشنیارانەیان بۆ بنووسم. ئەویش بە سوپاسەوە هانیدام کە بینووسم. لەڕاسیتدا پێش نووسین تەسەورم نەدەکرد ئەم باسە لە 3-4 لاپەرە زیاتری بوێ. بەڵام هەڵەبووم، نەمدەزانی ئەوەندە فراوان دەبێ. ئەگەر لە سەرەتاوە بمزانیبایە ئەوەندە کات و وزە دەوێ یا باسم نەکردبایە لەلای بەڕێز کاک عومەر، لەوانەبوو نەموێرابایە خۆم بخەمە ژێرباریەوە. بەڵام تازە دەستم پێکردبوو و بەلێنیشم دابوو، بۆیە بەردەوام بووم لە نووسین تا ئەم نووسراوەی لێدەرچو. بێگومان ئەم نووسراوە زۆر کەموکوڕی، لەڕوانگەی زمانەوە یا شینەکردنەوەی تەواوی هەندێک پرسیار و پیشنیار یا باس‌نەکردنی زۆر بابەتی تر، تیدایە، چونکە نوسراوەکە بۆ بڵاوکردنەوە نەنوسراوە بەڵکو بەتایبەتی بۆ م.س نوسراوە. لەبەر ئەوە بەوردی هەوڵم نەداوە هەڵەی زمانەوانی تێدا بنەبڕ بکەم یا هەموو ڕەخنە و پێشنیارەکان بە وردی باس بکەم. ئەمە کۆمەلێک پێشنیار و بۆچوونی سەرەتاییە دەربارەی بارودۆخ و گۆرانکاری لە یەکێتیدا، کە هیوادارم ئەم هەوڵەم بۆ یەکێتیمان سودبەخش بێ.

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە: ئایا ئێمە دەمانەوێ حیزبەکەمان سی ساڵی تر یا سەد ساڵی‌تر بە سەروەری و دەسەڵاتەوە لەسەر ئەو ڕێبازەی کە شەهیدان و ئێمە گرتومانەتەبەر بەردەوام بێ یان وەک حیزبی شیوعی عێراقی و کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و وڵاتانی ترمان لێ بەسەر بێ؟ وە ئایا بۆ ئەو مەبەست و ئامانجە چی باشە بکرێ؟

2/ بەهۆی ناکۆکییە نادروستەکان، یان ڕاسترە بڵێین دووبەرەکی، ناو یەکێتی‌یەوە.

## بەشی یەکەم: بەراوردێکی گشتی

### 1- ئێمە و سوید

تا ئێستا کە زیاد لە چەند سەدەیەکە ئەوروپای ڕۆژئاوا و لەپاشان ئەمەریکاش بەهۆی پێشکەوتنیانەوە سەیتەرەیان بەسەر زۆرترینی جیهاندا کردووە. بێجگە لە پێشکەتنی لایەنی تەکنیکی و پیشەسازی یا هێزەکانی بەرهەمهێنان، گرنگترین فاکتەری سەرکەوتنیان لە گەشەیان‌دا مەسەلەی سیاسی بووە، بەواتایەکی تر هۆشیاری سەرکردایەتی سیاسی و حیزبەکانی ئەو ولاتانە بووە، کە توانیویانە خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا بگونجێنن و لە سەرهەڵدانی ڕێبازە تازەکان پێشرەوی بکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ولاتی تر لە جیهاندا بەهۆی نادیموکراتی و ناکۆکی و ناشایستەیی سیاسییەکانیانەوە خۆیان و وڵاتەکانیان، لە قۆناغێکدا یا بەردەوام، توشی تێکشکان یا کارەسات و دوواکەوتویی کردووە لەوانەش وەک: ئەڵمانیای نازی، سۆڤیەت و وڵاتانی بەناو سۆشیالستی، کوبا، ئێران، عیراق و باقی هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان.

هەچ سەرکردایەتییەکی سیاسی بییەوێ لە خەباتی گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرکەوتو بێ و وڵاتەکەی بەرەو گەشە و پێشکەوتن بەرێ، ئەوا پێویستە هەموو کات لەسەر ڕەوش و دەستوری کۆن نەڕوات، چونکە لەگەڵ گۆڕاندا بۆ نموونە کێشەی تازە پەیدا دەبن و بە چارەسەری کۆن چارەسەر ناکرێن. پێویستە ئەو سەرکردایەتییە بەردەوام بزانێ کێشەکان و داخوازییەکانی کۆمەڵ چین و ڕەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەچ ئاڕاستەیەک دەڕوا و لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا ڕیفۆرم و نوێکاری بکا. لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەی گەورەی بێ تەجروبە، کە مەترسی سەرنەکەوتنی زۆرە، نەکا، چونکە لیکۆڵینەوە و مێژوو دەریانخستووە کە باشترین شێواز بۆ پێشکەتن ئەوەیە کە سود لە تەجروبەی وڵاتانی پێشکەتوتر وەربگیرێت.
یەکێک لەو وڵاتانەی کە خاوەنی سەرمایەیەکی زۆری تەجروبەی سەرکەوتون سویدە. سوید یەکێکە لە وڵاتە هەرە پێشکەتوەکانی جیهان لە بواری پیشەسازی، زانست و خوێندن، خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری ڕۆژانە و تەندروستی، دیموکراتی، یەکسانی، هاوتایی[2]، عەدالەتی کۆمەلایەتی، دڵفراوانی لە هاوکاری وڵاتانی هەژار و کەم پێشکەوتو وە هەروەها ئاشتیخواز –کە 200 ساڵە خۆی توشی شەڕ نەکردووە. سوید گۆڕانکارییەکانی بە بەردەوامی و بەهەنگاوی بچوک و ریفۆرم –زۆر جار لە ڕوانگەی ئەزمونی وڵاتانی ترەوە– کردووە و دەکا، کە بۆتە نمونەیەکی سەرکەتو بۆ زۆر وڵاتی تر.
یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی سوید ئەوەیە کە پێشتر یەکێک بووە لە وڵاتە هەژارەکانی ئەوروپا کە زیاتر لە 1،2 ملیۆن لە دانیشتوانی لەبەر نەداری کۆچیان بۆ وڵاتانی ئەمریکا و کەنەدا کردووە. یەکێک لەو فاکتەرە گرنگانەی، کە کاریگەری سەرەکی هەبوە لەسەر پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی لە سوید بریتیە لە سەرکردایەتی سیاسی و حیزبی سۆشیالدیموکراتەکان کە بە هاوخەباتی لەگەڵ یەکێتی سەندیکاکان هەوڵی گەشەپێدانی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانیان داوە.
لەبەر ئەوە زۆر بەسود و وزە بەخش دەبێ ئەگەر مرۆڤ یا حیزب خەون و ئامانجی بەرز و بەراوردیی هەبێ. بۆ نمونە وڵاتەکەی خۆی وەک وڵاتێکی پێشکەوتو یا حیزبەکەی وەک حیزبێکی سەرکەوتو گەشە پێبدا.

---

[2] **هاوتایی** یا هاوتاییتی واتە یەکسانی ژن و پیاو. بە بۆچوونی من باشترە وشەی هاوتایی بەکاربهێنرێ بۆ یەکسانی ژن و پیاو، چونکە یەکسانی بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەک‌یەکی مرۆڤ بەپێی یاسا، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزی ژن یا پیاو، دادەنرێ. لە زۆر وڵاتدا بەپێی یاسا یەکسانی مرۆڤ دابینکراوە، بەڵام هێشتا هاوتایی لە نێوان ژن و پیاودا دروست نەبووە.

بە بۆچوونی من پێویستە کورد و یەکێتی خۆی لەگەڵ سوید و سۆشیالدیموکراتەکان[3]- کە ئێستا بۆتە دەستەخوشکی یەکێتیمان لە سۆشیالیست ئینتەرناشونالدا- بەراورد بکا و چاو لەوان بکا و سود لە تەجروبەکانی ئەوان وەربگرێ. بێجگە لەوەی کە زیاد لە سەد هەزار کورد، لە سوید و وڵاتانی سکەندیناڤیا نیشتەجێ بوون، کە لە زۆر ڕووەوە بۆ کورد و کوردستان سەرمایەی گەورەن.

بەداخەوە هیچ وڵاتێک یا حیزبێک لە دراوسێکان و دەوربەرماندا و لە حیزبەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان، تەنانەت ئەوانەی کە ئەندامی سۆشیالیست ئینتەرناشونالن نموونەی ئەوە نیین کە لەم سەردەمەدا سود لە تەجروبەی پێشکەتنیان وەربگیرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەتوانین دەرس و پەند لە کارە فاشیلەکانیان وەربگرین بۆ ئەوەی ئێمەش دووبارەی نەکەینەوە و بەڕێی چەوتی ئەواندا نەڕۆین.
لەبەر ئەو هۆیانە و ئەو گۆرانکاریانەی کە لە دەوروبەردا روویداوە، وە بۆ ئەوەی یەکێتی وەک سۆشیالدیموکراتەکان گەشەبکا و سەرکەوتوبێ ئەوا پێویستە لەبەر ڕۆشنایی تەجروبەکانی ئەوان ریفۆرم و نوێکاری بکەین.
لەبەر ئەوە و لەبەر ڕۆشنایی کارکردنم لەگەڵ هەردوو حیزبەکەدا هەوڵدەدەم هەندێک بەراورد و ڕەخنە و پێشنیار بەهیوای سودبەخشین بۆ بەڕێزتان بنووسمەوە.

## 2- فرەجۆری/هەمەڕەنگی [4]

ئەمڕۆ لە زۆر بواری ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە وڵاتە پێشکەوتووەکان هۆشیارانە بۆ مەبەستی زیاتر پێشکەوتن گرنگی بە فرەجۆری دەدرێ. **فرەجۆری واتە فرەکەسایەتی** و بوونی ئاوێتەیەکی هەمەڕەنگ یا تێکەڵاو لە کەسایەتی و بەهرە جیاواز لە ڕوانگەی رەگەز(نێرومێ)، نەژاد، ئاین و ئاینزا، ناوچە، ڕەنگ، تەمەن و کەمئەندامی و شەهادە و لایەنی ترەوە. بەشێوەیەکی گشتی زیادکردنی فرەجۆری لە دەزگاکاندا، لە نوێنەریەتیدا یا لە سەرکردایەتیدا دەبێتە هۆی گۆرنکارییەکی باشتری نەوعییەت و بەهێزکردنی ئەو دەستەیە. زۆر لیکۆڵینەوەی جیهانی دەریان خستووە کە هێزوتوانا لە بوونی فرەجۆریدایە کە فاکتەرێکی کاریگەرە لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا. واتە فرەجۆری فاکتەرێکی پێشکەوتنە[5]. لەبەر ئەوەی پانتای و قوڵایی کاروباری کۆمەڵگا و سیاسەت تەواو فراوان بووە بوونی کەسایەتی لێکچوو وە وەک یەکبیرکەرەوە لە دەزگایەکدا دیادەیەکە نیشانەی بوارتەسکی شارەزایی و لاوازیی دەردەخات. لەبەر ئەوەیە کە پەندێکی ئەوروپی دەڵێ: ***"ئەگەر دوو سەرکردە لە جێگایەکدا وەک یەک بیر بکەنەوە ئەوا یەکێکیان زیادەیە".*** واتە یەک بیری ئەمڕۆ فاکتەری پێشکەوتن نییە بەڵکو بیری جیاواز و یەک ئامانجی(هاوئامانجی) فاکتەری گرنگە بۆ گەشەکردن و سەرکەوتن، وە گرنگی هاوئامانجی ئەوەیە کە هەموو یەکێک، بەپێی بیر و توانای خۆی وە لەگەڵ بوونی جیاوازی بیرورا و ناکۆکیدا، بۆ ئامانجە هاوبەشییەکان تێبکۆشن. گرنگ ئەوە نییە کە مرۆڤەکان بە چ ڕێگایەکی جیاواز -بەڵام پەسەند- خەبات بۆ ئامانجەکان دەکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بگەینە ئامانج.
وەک پەندێکی چینیی ریفۆرمیستەکان دەڵێ: ***گرنگ نییە پشیلە ڕەنگی سپی یا رەش بێ بەڵکو گرنگ ئەوەیە مشک بگرێ.***
ئەمڕۆ هیچ سەرکردەیەک ناتوانێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پسپۆر و شارەزا بێ، بەڵکو هەر کەسە دەتوانێ لە بوارێکدا شارەزا و لێزان بێ، بەڵام ئەگەر سەرکردایەتییەک پێک هاتبێ لە کەسایەتی جیاواز و بەهرەمەند و هەمەڕەنگ ئەوا شارەزایی هەموویان پێکەوە تەواوکەری یەکتر دەبن کە سەرجەمێک یا پەیکەرێکی بەهێز پێک دەهێنن کە پسۆرییان هەموو بوارەکان بگرێتەوە.

---

[3] هاورێی بەڕێزم دکتۆر محەمەد سابیر ئیسماعیل، کە ئێستا سەفیری عێراقە لە چین، پێشتر نوێنەری یەکێتی بووە لە سوید و فەرەنسا و ئەمەریکا شارەزاییەکی باشی هەیە لەسەر سیستێمی سیاسی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە وتارێکدا لە کوردستانی نوێی ڕۆژی 2001/1/25 دا، دووای ئەوەی بەراوردێکی تێروتەسەلی لە نێوان زووربەی حیزبە چەپەکانی وڵاتانی ئەوروپا کردووە، گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە سوید و دەوڵەتانی سکەندیناڤی باشترین نموونەن کە یەکێتی و کورد چاویان لێ بکەن.

[4] **فرەجۆری یا هەمەڕەنگی** کە بە ئینگلیزی بە (diversity) ناودەبرێ دەتوانرێ تارادەیەک بە هاومانای چەمکی **چەپکەگوڵ،** کە هەڤاڵ مام جەلال دایڕشتوە، دابنرێ.

[5] **فاکتەری پێشکەوتن**، بریتییە لە فاکتەرێکی تایبەتی کە بۆ نموونە بۆ رێکخراوێک یا دەزگایەک دیاریدەکرێ، کە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و گەشەپێدانی ئەو ڕێکخراوە یا دەزگایە بۆ ئەوەی باشتر و کاریگەرتر بگاتە ئامانجەکانی. فاکتەر یا فاکتەرەکانی پێشکەوتن پەیوەندی بە ئاست و بارودۆخی ئەو ڕێکخراوەوە هەیە وە ئەنجامدان یا سود وەرگرتن لە فاکتەری پێشکەوتن، چالاکی و بەرنامەی هۆشیارانەی دەوێ. بۆ نموونە بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسی کادران یا زیادکردنی ژن و لاوان لە سەرکردایەتیدا یا نەهێشتنی گەندەڵی و بیروکراتی ڕێکخراوەیی بریتین لە فاکتەری پێشکەوتن.

لەڕوانگەی دیموکراتیشەوە هەبوونی فرەجۆری و هەمەڕەنگی لە دەزگا و ڕێکخراو و حیزبەکاندا نیشانەی فراوانی دیموکراتی‌یە، چونکو بەو پێکهاتەیە دەتوانن نوینەرایەتی زۆرترین توێژەکانی کۆمەڵ بکەن. واتە ئەوە شێوازێکە کە یەکێتی دەتوانێ بەهۆیەوە نوێنەرایوتی زۆرترین دانیشتوانی کوردستان بکا. لەلایەکی تریشەوە بوونی فرەجۆری فاکتەرێکی گرنگە بۆ رەخساندنی، ژینگەی داهێنەرانە، واتە زەمینەیەکی لەبار بۆ هاندان و بەرهەمهێنانی بیروبۆچوون و شێوازی تازە کە هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ پێشکەوتن.[6]
لەبەر ئەوە بۆ بەهێزکردنی یەکێتی و دیموکراتی پێویستە لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیدا ڕەچاوی فرەجۆری بکرێ، چونکە بوونی کەسایەتی جۆراوجۆر و بەهرە جیاواز دەبنە تەواوکەری یەکتر و پێکهێنانی دەستەیەکی زانا و بەتوانا.

## 3- ژنان و لاوان و نوێنەری سەندیکا لە مەکتەبی سیاسیدا

ئایا لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا تا چ ڕادەیەک ڕەچاوی فرەجۆری کراوە بۆ ئەوەی بتوانیت نوێنەرایەتی زۆرترینی دانیشتوانی کوردستان بکا؟
ئاشکرایە کە لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا تاڕەدەیەکی کەم فرەجۆری ڕەچاوکراوە، کە هەندێک کەسایەتی جیاواز و ناوچەیی تێدایە، بەڵام بەداخەوە نە ژن و نە ئەندامی لاوی تەمەن خوار 40 ساڵی تێدا نییە. واتە فرەجۆری رەگەز و تەمەن ڕەچاو نەکراوە، ئەوەش لاوازییەکی دیاری نادیموکراتی یەکێتییە کە پێویستە چارەسەر بکرێ.
ڕیبازێکی دروستە و جێگای دەسخۆشییە کە یەکێتی پشتگیری و هانی دامەزراندنی ژن، بۆ نموونە بۆ پیشەی پارێزەر و دادوەری، قایمقامی و دیپلۆماسی و کاری تر دەدا، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە یەکێتی لە ئۆرگانەکانی خۆشیدا بەهەمان شیوە ڕەفتار بکا، ئەگینا جێگای باوەڕ نابێ ئەگەر تەنها بۆ دەزگا رەسمییەکان داوای کار و پۆست بۆ ژنان بکا، بەڵام لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی خۆیدا ئەندامی ژنی تێدا نەبێ.
بونی حاکمی ژن دیاردەیەکی مۆدێرن و بەسود و هاوتاییە، کە دوورنیە ئەو ژنە خۆشی لە زانکۆ بۆ ئەو مەبەستە خوێندن و تێکۆشانی کردبێ.
لەسەردەمی عەولەمەدا، کە کوردستانیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری، گەشە و پێشکەوتن وا بەخێرایی دەڕۆن ئەگەر یەکێتی بەپێی پێشبینی ئایندە لەگەڵیدا نەگۆڕێ، ئەوا بێگومان پاش دەکەوێ و بەجێ دەمێنێ. بۆ نموونە بزوتنەوەی فێمێنیزمی لە جیهانیدا، کە داوای هاوتایی ژن و پیاو دەکا، بەشێکە لە بزوتنەوەی چەپەکان و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ژنانی کوردستانیش هەبووە و دەبێ، لە هەمان کاتدا پێویستە یەکێتی بە چاوێکی پۆزەتیڤەوە سەیری ئەو بزوتنەوەیە بکا و سود لە بیر و تێروانینەکانیان وەربگرێ.

ئەمڕۆ بەشێوەکی فراوانتر لە ڕابووردو کچان و ژنان لە زۆر بوارەکانی کۆمەڵگادا ڕۆڵی خۆیان دەبینن.
بەهەزران کچ لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەخوێنن و دەبنە پسپۆر و دووای دەرچوونیان ئیشیان دەوێ.
بەپێی ئاماری دائیرەی هاتوچۆ ئەمساڵ تا مانگی هەشت زیاد لە 5000 ژن مۆڵەتی شۆفیریان دەرهێناوە. ئەمەش گۆرانکارییەکی نەوعی زۆر گرنگە لە بیروهۆشیاری و ئابووری دانیشتواندا. ئەو گۆرانکارییە، کە دەتوانرێ بە **گەشەی ئازادی ژنان** ناوبنرێ، لەلایەک ئەوە دەردەخا کە کچان و ژنان چیتر نایانەوێ خۆیان ببەستنەوە بە پیاوێکی ترەوە وەک مێرد و باوک و برا، بەڵکو دەیانەوێ ئازادبن و لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن و خۆیان ڕابەرایەتی ئۆتۆمبیلەکانیان بکەن، لەهەمان کاتدا دەریدەخا کە ژنان ئابوورییان زۆر باشتر بووە. لەلایەکی تریشەوە ئەوە دەردەخا کە پیاوانیش بیروهۆشیاریان بەرامبەر بە ژنان مۆدێرنتر بووە.
ئەو گۆرانکارییانە کاریگەری دەبێ لەسەر گەشەی بیروڕا و هەڵوێستی سیاسی تایبەتی ژنان خۆیان، واتە بۆ نموونە لە کاتی دەنگداندا ژنان زیاتر لە ڕوانگەی بیروڕای خۆیانەوە، نەک هی خێزانیان،

[6] بێگومان بیر و بیرکردنەوەی تازە یا بیردۆزەر و ڕێبازدانەر، کە دینەمۆی پێشکەوتنن، هەروا لەخۆوە بەئاسانی پەیدا نابن، بەڵکو پێویستی بە **ژینگەی داهێنەرانە** (Creative Environment) هەیە کە ئەویش بەهۆی کۆمەڵیک فاکتەرەوە زەمینەی بۆ دەخوڵقێ یا بۆ خۆش دەکرێ. جێگای سەرنجە کە زۆر شار و ناوچەی جیهان لە مێژووی کۆن و نوێدا، وەک بابل، ئەسینا، ڤینیسیا، پاریس، تۆکیۆ، نیویۆرک و زۆر شاری تر ناوبانگی دیاریان لە بەرهەم هێنانی زانا و داهێنەر وە هەروەها لە گەشەپێدانی بیر و بۆچوونی نوێدا هەیە. شایەنی باسە شاری سلێمانی لە زۆر بوارەکانی ژیاندا لە کوردستاندا لە بیری و داهینانی تازەدا پێشرەوە کە بەردەوام پێویستە هەلومەرجی بۆ خۆشبکرێ بۆ ئەوەی پێشرەوایەتی خۆی لەدەست نەدا.

دەنگدەدەن. سەر ئەنجام کام حیزب زیاتر خزمەتی ژنانی کردبێ و بکا، ئەوان لە هەڵبژاردندا دەنگی زۆرترین ژنان بەدەست دەهێنن، کە ئاشکراشە ژنان نیوەی کۆمەڵن[7].
لەبەر ئەوە پێویستە یەکێتی بەڕوونی ژنان بە یەکێک لە فاکتەرەکانی گەشە و سەرکەوتن و بردنەوە لە هەڵبژاردندا بداتە قەلەم. واتە **ژنان فاکتەرێکی ستراتیژی پێشکەتنن**.

لەهەمان کاتدا یەکێتی وەک حیزبێکی سۆشیالدیموکرات دەبێ پەیوەندی بەهێز و زیندوی هەبێ لەگەڵ کرێکاران و رەنجدەران کە ژمارەیەکی زۆری دەنگدەران پێکدەهێنن. پەیوەندی مەبەستم ئەوەیە کە کەسانی سەر بە سەندیکاکان نفوز و دەسەڵاتیان لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکیتیدا هەبێ و قسەیان ڕوا، کە بەداخەوە ئەمە وانییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکێتی دەستدەخاتە کارەکانی سەندیکاکانەوە.
بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین دیاری بکەین کە **ژنان و لاوان و کرێکاران** سێ گروپی گەورە و کاریگەرن بەپەیوەندی لەگەڵ یەکێتیدا بۆ یەکێتی ڕۆڵی **فاکتەری پێشکەوتن** دەبینن.[8]

__چارەسەری کاتی__: بۆ چارەسەری ئەو کەمییە، سەرکردایەتی دەتوانێت وەک پێویستییەکی هەنوکەیی، لەسەر تەجروبەی سۆشیالدیموکراتەکانی سوید، ئەندامی کاتی/چاودێر لە نوێنەری لاوان، ژنان و سەندیکاکان بۆ ناو کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی دیاری بکا. ئەو چاودێرانە لە کاتی ڕیاردانیدا مافی دەنگدانیان نییە، بەڵام دەتوانن بە ڕاو بۆچونی خۆیان و ڕێکخراوەکانیان کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەڵەمەند بکەن. لەهەمان کاتدا ڕاستەوخۆ، نەک لەڕێگای کەناڵەکانی مێدیاوە یا لایەنی سێهەمەوە، ڕاو بۆچوون و بڕیارەکانی سەرکردایەتی یەکێتی بگەیەننەوە بە ئەندامانی خۆیان. بەو شیوەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی زیندو لە نیوان ئەو ڕێکخراوە گرنگانە و سەرکردایەتیدا دروستدەبێ.

__چارەسەری بنچینەیی__: هەڵبژاردن و بەشداریکردنی ژن لە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا شتێکی بەڵگە نەویستە، کە پێویستە هەرلە ئێستاوە بەرنامەی کارکردن و ڕێژەی بۆ دابنرێ بۆ ئەوەی ئەو کەم وکوڕییە و ئەو مافخورانەی بەرامبەر بە ژنان کراوە ڕڕ بکرێتەوە. لەبەر ئەوە پێویستە ئاگاداری هەموو مەڵبەندەکان بکرێ کە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو ژنان لە هەموو ئۆرگانەکانی یەکێتی و شارەوانییەکان دابنێن. ئەگەر کێشەی کەمی ژنیش پەیدا بوو ئەوا پێویستە بە بەرنامە پرۆژەی ڕاکێشان و پەروەردەیی ژنان دەسپبێکەن[9] چونکە ژان، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، **فاکتەرێکی ستراتیژی سەرکەوتنن**.
بە هەمان شێوە پێویستە ڕێوشوێنی لەبار بۆ زیادکردنی نوێنەری لاوان و سەندیکان لە سەرکردایەتی یەکێتدا بگیردرێ.

## بەشی دووەم: نوێکاری ڕێخراوەیی و پرۆگرامی

بۆ ئەوەی یەکێتی وەک سۆشیالدیموکراتەکان ڕەفتار بکا و وەک هێزێکی سیاسی بتوانێ ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێ، دەبێ بەردەوام خۆی بە بیر و هێز و وزەی تازەوە تەیار بکا، لەگەڵ هەلومەرجی نوێ و جیهانیدا بگونجێ و هەمیشە گوێبیستی داخوازییەکانی هاونیشتمانیان بی. گرنگ ئەوە نییە لە ڕابووردو چۆن بووی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لە ئایندەدا چۆن دەبی و چەند سەرکەوتوو دەبی. یەکێتی ئێستا لە ئاستێکی جیهانییدایە، سەرکۆماری هەیە و لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وەک سۆشیالیست

[7] ئەمڕۆ لە زۆر وڵانی ئەورپی حیزبی فێمینستی(ژنان) دروست بووە لەبەر ئەوەی ژنان ناڕازین دابەشکردنی دەسەڵات و ئەو هەوڵانەی کە حیزبەکانی تر بۆ هاوتای ژن وپیاو دەیدەن.
[8] وەک ئاگادارم مەکتەبی ڕیکخراوە دیموکراتییەکان چەند ساڵێکە زەمینەیەکی فراوان و پەیوەندییەکی بەهێزی بۆ ئەو فاکتەرە خۆشکردووە کە پێویستە یەکێتی بەراکێشانی نوێنەریان بۆ ناو سەرکردایەتی خۆی سودیان لێببینێ. نوێنەری ژنان و لاوان وکرێکاران پێویستە لە ناوەندی دەسەڵاتدا بن، نەک وەک ئێستا هەموو ئەرکێکیان لەسەرە بەڵام هیچ دەسەلاتێکیان نییە.
[9] سۆشیالدیموکراتەکانی سویدیش تا هەشتاکان هەمان کێشەی کەمی ژنیان لە سەرکردایەتی و ئۆرگانە سایسییەکاندا هەبوو. بەتایبەتی بە خەباتی ژنان، سەرکردایەتی و پیاوانی سۆشیالدیموکرات، بۆ لەدەسنەچوونی ژنان، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە پێویستە بۆ هەموو هەڵبژاردنێک هاوتایی ڕەچاوبکرێ و کاندیدەکان بەپێی **لیستی ڕەشپەڵەکی (مەم و زینی)** دابنرێن. لیستی ڕەشبەڵەکی یا مەموزینی (کە بەلای منەوە مەموزینی جوانترە) واتە کاندیدەکان بەشێوەی ڕەگەز، پیاوێک، ژنێک، پیاوێک، ژنێک..تا کۆتایی ریزدەکرێن، بەو شێوەیە ژنان نیوەی پۆستەکانیان بەردەکەوێ.

ئینتەرناشونالٚ چالاکی دەکا. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بەرنامە و پەیکەری ڕێکخراوەیی خۆی نەگۆریوە کە لەگەڵ ھەلومەرجی نوێی کوردستان و عێراق و جیھانی سەردەمی عەولەمەدا بگونجێ.
لەھەمان کاتدا پێویستە یەکێتی بۆ زیاتر فراوانکردن و قوڵکردنەوەی دیموکراتی ھەوڵبدا. لێپرسراوێتی و دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی باشتر دابەشبکردن، بۆ ھاندان و جۆشدانی زۆرترین ئەندام بۆ ئەوەی یەکێتی وەک ڕێخراوێکی زیندو و دیموکرات و مۆدێرن ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ھەڵقولانی بیر و شێوازی نوێ کە دیارە پەیدا بوونی بیر و شێوازی تازە ھەلومەرج و زەمینە خۆشکردنی و ھاندانی دەوێ.

لەبەر ئەوە بۆ گەشەپێدان و بەگورکردنی یەکێتی پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێ بۆ دۆزینەوەی باشترین شیوەی چاکسازی و نوێکاری، کە پێویست بن لە پەیکەری یەکیتیدا بکرێن، بۆ ئەوەی یەکێتی ھەموو کات وەک ڕێکخراوێکی نوێخواز گەشە بکا. چاکسازی و نوێکاری پرۆسەن چونکە ھیچ شتێک نییە لە جیھاندا فۆرمێکی کۆتایی وەرگرتبێ و ئیتر نەگۆرێ، بەڵکو **ھەموو شت بەرەو گەشە یا پوکانەوە لە گۆراندایە** .

**چەند نمونەیەک بەکورتی کە پێویستی بە نوێکاری ھەیە:.**

## 1- نوێکاری پۆستی سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی:

وەک ئاشکرایە ناو و پۆستی سکرتێری گشتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی پاشماوەی تەجروبەی کۆمۆنیستی، وە ھەروەھا ھی سەردەمی سێ باڵە جیاوازەکەی ناو یەکێتییە[10].
ئەگەر یەکێتی بییەوێ زیاتر وەک سۆشیالدیموکرات خۆی ڕێکبخات و بناسرێ باشترە پۆستی سکرتێری گشتی بگۆرێ بۆ سەرۆک و مەکتەبی سیاسیش بۆ مەکتەبی تەنفیزی. ھەروەھا دەتوانرێ وەک سۆشیالدیموکراتی سویدی سکرتێرێک بۆ کاروباری کارگێری کۆمیتەی سەرکردایەتی دابنرێ.

## 2- دانانی جیگری سکرتێری گشتی

پێویستە ئەم پۆستە بەپێی پێرەوی ناوخۆی یەکێتی دابمەزرێ و ئەرکەکانی دیاری بکرێ و لەلایەن کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە یا مەکتەبی سیاسییەوە ھەڵبیژێردرێ.
دانانی ئەم پۆستە، لەوانەیە بۆ حیزبێکی سەربە گەل و وڵاتێکی دیموکراتی سەقامگیر، زۆر گرنگ نەبێ، بەڵام بەپڕوای من بۆ گەلی کورد و یەکێتی لەم بارودۆخەی ئێستایدا زۆر گرنگە. دیاریکردنی کەسێک بۆ ئەو پۆستە، ئەندامان و لایەنگران و دەنگدەرانی یەکێتی دڵنیادەکاتەوە، کە سەقامگیری و بەردەوامی لەو حیزبەدا ھەیە. ئەگەر سکرتیری گشتی لەناکاو، بۆ ماوەیەکی کورت یا ھەمیشەیی، لەبەر ھەچ ھۆیەک بێ لە پۆستەکی نەما یا داپرا ئەوا کەسێکی تری بەتوانا و باوەڕپێدراو ھەیە، کە جێگا ئەو بگرێتەوە و کارەکانی ڕاپەڕێنێ و درێژە بە رێبازی یەکێتی بدا. ئاشکرایە خەتەرێکی زۆر گەورە، بۆ نموونە لەلایەن کۆنە بەعسی و تێرۆریستان و ئیسلامی توندڕە و زۆر لایەنی ترەوە، لەسەر ھەڤاڵ مام جەلال ھەیە. دەبێ یەکێتی پێش وەخت، کاریگەری مەترسی ئەو ھەڕەشەیە کەمبکاتەوە، بۆ دۆست و دوژمن دەریبخات کە یەکێتی سیستێمێکە بەنەخۆشی یا بەمردن یا بە شەھیدکردنی سەرۆکی توشی ئیفلیجی نابێ و ھەر درێژە بە ڕێبازی خۆی دەدا و ناحەزان ناتوانن بەسەر یەکێتی و کورددا زاڵبن.
ھەرچەندە تا سکرتیری گشتی لە کاردا بێ، جێگر دەسەڵاتی سنوداره، بەڵام لەھەمان کاتدا بوونی جێگر شێوەیەکی دیموکراتی دەسەڵات دابەشکردنە و لەھەمان کاتدا خۆئامادەکردنە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئیحتیماله خراپەکان، کە لەحاڵەتی وادا بوونی جێگر تەنانەت ڕێگا لە دووبەرەکی شەڕی دەسەڵاتی ناوخۆ و پارچەپارچە بوونی یەکێتیش دەگرێ تا کۆنگرە دەبەسترێ و سەرۆکێکی تر ھەڵدەبژێردرێ.
لەگەڵ ئەوەی بوونی جێگر، بە رێنوێنی و ھاوکاری سەرۆک، دەبێتە ھۆی ئامادەبوون و شارەزا بوونی کەسی جێگر بە ئەرک و پەیوەندییە گرنگەکانی ئەو پۆستە، لەھەمان کاتدا دەبێتە یاریدەدەرێکی باش بۆ کەمکردنەوەی ئەرکە زۆرەکانی سەرشانی ھەڤاڵ مام جەلال، کە ئێستا ھەندێکی بەھۆی چەند یاریدەدەرێکی دەرەوەی سەرکردایەتی ئەنجامدەدرێن. ئاشکرایە ئەرکاکانی سەرشانی ھەڤاڵ مام

---

[10] بۆ یەکەم جار مەکتەبی سیاسی(م.س) لە ئۆکتۆبەری 1917 بەدەسپێشکەری **لینین** لەلایەن بۆشەڤیکەکانەوە دامەزرا و لە گۆنگرەی 8ی ساڵی 1919 پەسەندکرا و خرایە پەیرەوی ناوخۆوە. لە ساڵی 1952 لە گۆنگرەی 19 ی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتیدا ناو و ناوەڕۆکی م.س. گۆرا بۆ پرێسیدیۆم– دەستەی سەرۆکایەتی–، بەڵام دووای لابردنی **خرۆشۆف** و زاڵبوونی ستالینیستەکان لەو حیزبەدا، لە گۆنگرەی 23ی ساڵی 1966 دا دووبارە ئۆرگانی مەکتەبی سیاسی‌یان دامەزراندەوە.

جەلال لە کەمبوونەوەدا نین، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە زۆر بووندان، ئەگەر خۆشبەختانە هەڤاڵ مام جەلال بۆ جاری دووەم بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردرێتەوە، کە ئەم جارەیان چوار ساڵ ماوەیەتی و ئەرکی زیادتر بووە، زۆر زەحمەت دەبێ ئەو بتوانێ بە تەواوی فریای ڕاپەڕاندنی کاری هەردوو پۆستەکە بکەوێ. لەهەمان کاتدا دانای جێگر واتە یەکێکە لە هەوڵەکان و خۆ ئامادەکردنە بۆ دووبارە بەدەسهێنانەوەی **پۆستی سەرکۆماری، کە پۆستیکی ستراتیجییە.**

## 3- پیاچوونەوەی پێرەو و پرۆگرام

یەکێتی تا کۆنگرەی دووەهەمی دوو جار پێرەوی ناوخۆ و پرۆگرامی گۆڕیوە. بەڵام بەداخەوە پێرەوی ناوخۆ، کە ڕێسای پەیکەری ڕێکخراوەیی و شێوازی کارکردنی یەکێتی ڕێکدەخا، ناسەردەمی و کەم دیموکراتییە، بێجگە لەوەش دەیان پەرەگرافی کەمە و ناتەواوی تری زۆری تێدایە[11].
یەکێتی پێرەوی ناوخۆ و پرۆگرامی بەیەک نامیلکە(دۆکومێنت) دەرکردووە کە لەڕاستیدا پێویستە بە دوو نامیلکەی جیاواز چاپ بکرێن، چونکە دوو دۆکومێنتی تایبەتین بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێن. پێرەوی ناوخۆ بەتایبەتی بۆ ئەندامانە بەڵام پرۆگرام بۆ هەموو ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت بزانن یەکێتی چ مرۆڤبینی و جیهانبینییەکی هەیە و بۆ داهاتودا چ ستراتیژ و بەرنامە و ئامانجێکی هەیە، کە لەوانەیە لەو ڕوانگەیەوە ئەو کەسانە لە هەڵبژاردندا دەنگ بە یەکێتی بدەن یان نەدەن.
هەروەها لەوانەیە هەندێک جار گۆڕانکاری تەنها هەر لە یەکێکیاندا بکرێت.

ئاشکرایە گۆڕانکاری زۆر بەسەر یەکێتی و کوردستان و جیهاندا هاتووە، کە لە هەمان کاتدا گۆڕانکاری زۆریش بەسەر شێوازی خەبات و کارکردن و ئامانجەکانی هاتووە. بەهەرحاڵ گۆڕانکارییەکان داوا دەکا، کە یەکێتی بە پێرەوی ناوخۆ و پرۆگرامدا بچێتەوە و بەشێوەکی سەردەمی نوێکاری لەپێرەوی ناوخۆدا بکا و لەهەمان کاتدا پرۆگرامێکی مۆدێرن بۆ داهاتو داڕێژێتەوە.
ئەگەر لە داهاتودا گۆڕانکاری لە پێرەو و پرۆگرامدا بکرێ، پێویستە لە ڕوانگەی سۆشیالدیموکراتییەوە بێ و ئامانجەکانی، بۆ نموونە بۆ قوڵکردنەوەی دیموکراتی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵگا و بۆ دابینکردنی یەکسانی و هاوتایی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان بێ.
بۆ گۆڕینی پێرەو و پرۆگرام بەشێوەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ ئەوا پێویستە سەرکردایەتی **لیژنەیەکی پیاچوونەوەی پێرەو و پرۆگرام** (لەڕاستیدا باشترە **دوو لیژنە** هەبێ، یەک بۆ پیاچونەوەی پێرەوی ناوخۆ و ئەوی دیان بۆ پیاچونەوەی پرۆگرام) دابنێ.
بۆ ئەوەی لیژنەکە پێشنیارێکی پەلە و کرچوکاڵ، وەک ئەوەی ئێستا، نەخاتە بەردەست، بەڵکو سەرکەوتو بێ لە کارەکەیدا، ئەوا پێویستە لیژنەکە لایەنی کەمی ماوەی شەش مانگ تا ساڵێک پێش کۆنگرە دەستیکردبێ بە پیاچوونەوە و گفتوگۆ و گوێگرتن لە بیر و رەخنە و پێشنیارەکانی ئەندامان دەربارەی گۆڕانکارییەکان. بێگومان ئەو ماوەیە پێویستە بۆ ئەوەی ئەندامان فریابکەون بیربکەنەوە و کۆبوونەوە و موناقەشەی جدی لەسەر پێرەوپرۆگرام بکەن و لەهەمان کاتدا لیژنەکەش سەردانی هەموو مەڵبەندەکان بکا و کۆر بگێرێ و رەخنەو پێشنیارەکان بنوسێتەوە. لەپاشاندا لەدوای بژار گەڵاڵەی یەکەمی لێبخاتە بەردەست ئەندامان بۆئەوەی دووبارە موناقەشەبکرێتەوە وە گەڵاڵەی دووەم ئامادەبکرێ بۆ کۆنگرە. ئەگەر بەو شێوەیە کار بکەین واتا گرنگی بە دیموکراتی و بە بیر و بۆچوونی ئەندامان دەدەین و لە هەمان کاتیشدا سەرئەنجامەکەی پێرەووپرۆگرامێک دەردەچێ کە بە پرۆسێس لەناو قوڵای و بیری زۆرینەی یەکێتەوە هەڵقوڵاوە.[12]
هەروەها بۆ بەردەوام تازەراگرتنی پێرەوپرۆگرام پێویستە بیکەینە ڕێسا، لە کاتی بەستنی هەموو گۆنگرەیەکدا لیژنەیەکی پیاچوونەوە هەڵبژێردرێ بۆ ئەوەی بەردەوام تا کۆنگرەی داهاتو بە پێرەووپرۆگرامدا بچێتەوە، ئەگەر پێویستی کرد پێشنیار ، هی خۆیان یا ئەندامان، بۆ گۆڕانکاری بخاتە

---

[11] وەک نەبوونی پەڕەگرافی شێوازی بەرزکردنەوەی پێشنیار بۆ کۆنگرە، یا هەڵبژاردن و ژمارەی نوێنەر بۆ کۆنگرە یا کێ تر بۆی هەیە بەشداری کۆنگرە بکا، یا باسی هەڵبژاردنە گشییەکان و کاندیدکردن بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی شارەوانی و پارێزگا و زۆر پرسیاری تر بەچ شێوەیەک بەڕیوە دەچێ.
یا لە پەرەگرافی ئەرک و دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی لە خاڵی (د) دا هاتووە کە "سەرپەرشتی دەزگای چاودێری دارایی" دەکا. ئەوە لە فەرهەنگی ڕیکخراوی دیموکراتیدا نەک هەر هەڵەیە بەڵکو کفرە. چۆن دەبێ لێپرسراوێک یا دەزگایەک خۆی پارە سەرف بکات و هەرخۆشی چاودێری خۆی بکا! لە هەموو سەیرتر ئەوەیە "دەزگای چاودێری دارایی" کە لەو خاڵەدا ناوبراوە، لە هیچ جێگایەکی تر لە پێرەوی ناوخۆدا ناوی نەهاتووە و نەنوسراوە، کە چییە و چۆن و چ دەسەڵاتێک دایدەمەزرێنێ. لەڕاستیدا لیژنە یا دەزگای چاودێری دارایی تەنها لەلایەن گۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن و لیژنەیەکی سەربەخۆیە و تەنها ڕاپۆرت بە کۆنگرەی داهاتو دەدا.
[12] ئەگەر تەسەور بکەین دەستەیەکی ڕۆشنبیری دەتوانن لە ماوەی چەند رۆژێکدا گەلاڵەیەکی جوانی پێرەوپرۆگرامامان بۆ دەنووسن، ئەوە واتای وایە 1/ لە دیموکراتی نەگەیشتوین، 2/ بە بێ بایەخ و کەم سەیری ئەندامان دەکەین...

بەردەم کۆنگرە، چونکو جیهان و بارودۆخی ئەم سەردەمە گەلێک زیاتر لە جاران خێراتر گۆرانکاری تێدا روودەدا کە لەوانەیە کاریگەری هەبێ لەسەر بەرنامە و پرۆگرامی یەکێتی.

## 4- بەستنی کۆنگرە

یەکێک لە خاڵە لاوازە نادیموکراتییەکانی یەکێتی ئەوەیە کە لە کاتی خۆیدا کۆنگرە نابەستێ. لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی، لە شوباتی 2001 دا، بریاردرا هەر **دوو ساڵ جارێک کۆنگرە** بەسترێ[13]، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کۆنگرەی نوێ نەبەستراوە و پلانیشی بۆ دانەنراوە. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و بێ پلانی سەرکردایەتی یەکێتی و کەموکوڕی لە پەیرەوکردنی پێرەوی ناوخۆی و لە دیموکراتی[14].
هەموو حیزبێک کە گۆنگرە دەبەستێ سەرکردایەتیەک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تا گۆنگرەی داهاتو هەڵدەبژێرێ. ئەو سەرکردایەتییە لێپرسراوە بەرامبەر ئەوەی کە لەکاتی خۆیدا کۆنگرەی داهاتو بەستێ. مەگەر بارودۆخێکی زۆر شاز بێتە بێشەوە کە بەستنی گۆنگرە لە ماوەیەکی دیاریکراودا زەرەر بگەیەنێ، ئەگینا دەبێ هەر دووای ئەو ماوەیە گۆنگرە ببەسترێ. ئەو سەرکردایەتییەی کە بەبێ هۆی مەشروع گۆنگرە دووا دەخا، کە واتای وایە خۆی دەسەڵاتی خۆی بەناڕەوا درێژ دەکاتەوە، ئەوا لەڕوی پرینسیپی و دیموکراتیەوە شەرعییەتی نەماوە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو سەرکردایەتییە خۆی لە ڕیکخراوەکە بە لێوەشاوتر و موستەحەقتر دەزانێ، بۆیە هەر خۆی ماف بەخۆی دەدا، پریاربدا کە کۆنگرە دووا بخا و بەردەوام بێ لە سەرکردایەتی و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی ناشەرعی خۆی. بەداخەوە ئەم حاڵەتە سەرکردایەتی یەکێتیش دەگرێتەوە.
لەلایەکی ترەوە ئەگەر هەچ سەرکردایەتییەک نەتوانێ یا نەیەوێ لە کاتی خۆیدا کۆنگرە ببەستێ، ئەوا بەدڵنیایی ئەندامانی ئەو حیزبە پروایان بەو سەرکردایەتییە کەم دەبێتەوە، کە بە ئەنقەست یا بەهۆی نالەباری هەلومەرجەوە، توانای بەستنی کۆنگرەی نییە. هەروەها گومانی ئەوەیان لا دروست دەبێ کە، لەوانەیە لە ترسی ئەوەی نەک هەڵنەبژێردرێنەوە یا رەخنە لە هەڵەکانیان بگیردرێ بۆیە رێگرن لە گۆرانکاری و هێنانی خوێنی نوێ و هەڵبژاردنی سەرکردەی نوێ. لەهەموو حاڵەتێکدا ئەندامان هەست دەکەن ماف خوراو بوون لەلایەن سەرکردایەتیەوە، چونکو ئەندامانن لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە لە گۆنگرەدا سەرکردایەتی تازە هەڵدابژێردرێن، نەک سەرکردایەتی کۆن دەسەڵاتی کۆتاییهاتووی خۆی درێژبکاتەوە.
ئەگەر یەکێتی بییەوێ وەک حیزبێکی سۆشیالدیموکراتی ڕاستەقینە بناسرێ، ئەوا پێویستە گۆنگرەکانیشی لە کاتی خۆیدا ببەستێ.
لەبەر ئەوەی عێراق و کوردستان بەرەو دیموکراتی دەڕوا، ئەوا بەپڕوای من، سودبەخش دەبێ ئەگەر یەکێتی بۆ داهاتو بیکا بەبەرنامە هەموو کات ساڵێ پێش ساڵی هەڵبژاردن کۆنگرە ببەستێ. بەو شێوەیە لە کۆنگرەدا دەتوانرێ بەوردی باس لە هەڵبژاردنی داهاتو بکرێ و بەرنامە و ستراتیژ و ئامانجی بۆ دیاری بکرێ. بەستنی کۆنگرە لە ژیانی هەموو پارتێکدا ڕووداوێکی گرنگە، کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دەسپێکردنی کۆبوونەوەکان بۆ باسکردن و هەڵبژاردنی لێوەشاوەترین نوێنەران بۆ کۆنگرە سەرتاسەری رێکخراوەکە دەبزوێنرێ. لەگەڵ بەستنی کۆنگرەشدا دینامیکێکی بەهێز پەیدادەبێ و زۆر کێشەی گرنگ دەخرێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و بژارکردنی بیروڕاو و ئایدۆلۆجی کە سەرنجی ئەندامان و هاوڵاتیان ڕادەکێشێ. سەرئەنجام واتە خۆ تەیارکردن و هێزکۆکردنەوەیە، ڕاکێشانی خوێنی تازە بۆ ئەرک و هەنگاوە تازەکان، وە زۆر جار کۆنگرە وەرچەخانی گرنگ و دیاریکردن و داڕشتنەوەی رێبازەکانە.

ئەمڕۆ گۆرانکارییەکان زۆر بەخێرای دەڕۆن و زۆر کێشەی گرنگ و ستراتیژی دێتە پێشەوە، کە پێویستدەکا، نەک هەر سەرکردایەتی بەڵکو بەشێکی زۆری یەکێتی گفتوگۆی لەسەر بکەن و بریاری لەسەر بدەن. ئەوەش بۆ سەرکردایەتی زۆر گرنگە، کە بۆ ئەو جۆرە کێشانە، بیروڕای بەشێکی زۆر ڕیکخراوەکەوە وەربگرێ. بۆ ئەو مەبەستە یەکێتی دەتوانێ، وەک سۆشیالدیموکراتەکانی سوید، ئۆرگانێکی تازە، بەناوی **ئەنجومەنی باوەڕپێدراو** دابمەزرێنێ کە لە نوێنەری مەڵبەندەکان پێکبهێنرێ، بۆ گفتوگۆ و ڕاوێژکردن و دەنگدان لە سەر ئەو پرسیارە گرنگە گشتیانەی کە ساڵانە یا لە نێوان دوو

---

[13] خۆی لە ڕاستیدا دووساڵ ماوەیەکی کورتە بەڵام ئامانجێکی باشە ئەگەر ئەنجام بدرێ. سۆشیالدیموکراتەکانی سوید هەر 4 ساڵ جارێ گۆنگرەی ئاسایی دەبەستێ. بەلام زۆر ساڵیش گۆنگرەی تایبەتی بۆ موناقشەکردنی زۆر باسی گرنگ دەبەستی.

[14] لەوانەشە پەیوەندی بە بارودۆخی ناوچەکەشەوە یا تاڕادەیەک بەنالەباری کوردستانەوە هەبێ، یان سەرکردایەتی زۆر لەخۆیان ڕازی بن کە کەسی تر نەتوانێ ئەو کارانەری ئەوان ڕاپەڕینێ.

کۆنگرەدا دێنە پێشەوە. لەهەمان کاتدا دەتوانرێت بۆ کێشەی زۆر گرنگ **کۆنگرەی تایبەتی**، کە لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە، ببەستێ.

## 5- پلێنۆم یا گۆنگرەی تایبەتی

تێرمی پلێنۆم وشەیەکی لاتینییە بە واتای کۆبوونەوەی فراوانی ئۆرگانێک یا دەزگایەک دێ. پلێنۆم وەک چەمکێکی سیاسی لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتییەوە داکەوتووە و لە پاشان لەلایەن حیزبە چەپەکانی ترەوە بەکارهاتووە. ئەو تێرمە لە لای پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی بریتی بووە لە کۆبوونەوەی فراوانی (پلێنۆمی) کۆمیتەی ناوەندی، کە هەر شەش مانگ جارێک دەگیرا و هەموو ئەندامان و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی کۆمیسیۆنی ناوەندی چاودێر، بەشداری‌یان تێدا دەکرد.
پلێنۆم کە لە پێرەوی ناوخۆی یەکێتیدا هاتووە، چەمکێکی زیادەیە و بەهەڵەش پێناسەکراوە و دەسەڵاتی دیاریکراوە. پێرەوی ناوخۆی یەکێتی پلێنۆمی ناوناوە بە کۆبوونەوەی فراوان بەڵام لەهەمان کاتدا کراوە بە ئۆرگان و بەم شێوەیە پێناسەی دەکا: *"لەکاتی هاتنە پێشی ڕووداوێکی گرنگ، کە پێویستی بەوەرگرتنی بیروڕای زۆرترین ژمارەی ئەندامانی لێپرسراو هەبێت، یان لەسەر داوای (3/2)ی ئەندامانی سەرکردایەتی یان سکرتێری گشتی بەبەشداری ئەندامانی سەرکردایەتی، جێگرەکانیان، ئەندامانی مەکتەب و مەڵبەندەکان دەبەسترێت."* هەروەها لە دەسەڵاتەکانی پلێنیۆم نوسراوە: *"هەموو دەسەڵاتێکی کۆنگرەی هەیە جگە لە: گۆڕینی پرۆگرام و پێرەو و سکرتێری گشتی و گۆڕینی پتر لە (1/3)ی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی."*[15]
هەڵەکانی پێناسەی پلێنۆم ئەوەیە کە پلێنۆم نابێتە ئۆرگان بەڵکو کۆبوونەوەی ئۆرگانێکە، کۆبوونەوەش واتا چالاکی کە لەوانەیە لە ساڵێکدا چەند جارێک ئەو چالاکییە دووبارە ببێتەوە. ئەگەر ئۆرگان بێ ئەوا دەبێ ئەندامان و جێگریان بەشێوەیەکی دیموکراتی لەلایەن ئۆرگانێکی باڵاترەوە هەڵببژێردرێن. لە هەمان کاتدا دەبێ بۆ نمونە دیاریبکرێ کە کێی تر مافی بەشداری و دەنگدان یا مافی بەشداری بەڵام دەنگنەدانی هەیە. وەک پێناسەکراوە پلێنۆم کۆدەبێتەوە *"بەوەرگرتنی بیروڕای زۆرترین ژمارەی ئەندامانی لێپرسراو..."*، ئەگەر تەنها بیروڕا وەردەگرێ، واتا بڕیاردەر نییە، بەڵکو ئۆرگانێکی ڕاوێژکارییە، کەچی لە دەسەڵاتەکانی نوسراوە *"هەموو دەسەڵاتێکی گۆنگرەی هەیە..."*. بێگومان ئەوەش هەڵەیە چونکە گۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە لەبەر ئەوە موستەحیلە هیچ ئۆرگانێکی نزمتر بتوانێ دەسەڵاتی کۆنگرەی هەبێ، مەگەر سەرکردایەتی یەکێتی بییەوێ کارئاسانی بۆ خۆی بکا و خۆی لە بەستنی گۆنگرە و پرنسیپەکانی دیموکراتی بدزێتەوە!
ئەگەر لەکاتی پێویست و ڕووداوی گرنگ کۆدەبێتەوە! ئەی کەی ئەوا سەدام ڕووخا، مەجلیسی حوکم دامەزرا و هەڵوەشا، هاوپەیمانێتی و هەڵبژاردن کرا، هەڤاڵ مام جەلال بووە سەرکۆمار، دەستور نوسرایەوە و دەنگی بۆ درا، ڕووداو لەمانە گرنگتر کامەیە! کوا بۆچی کۆنەبۆتەوە؟

بە بۆچوونی من باشتروایە پلێنۆمی بەناو ئۆرگان لە پێرەوی ناوخۆدا لاببرێ و لەباتی ئەوە **گۆنگرەی تایبەتی** (کە زۆرجار بە نائاسایی یا کتوپڕ ناو دەبرێ) دابنرێ. گۆنگرەی تایبەتی کە لە نێوان دوو کۆنگرەی ئاسایدا دەبەسترێ بەتایبەتی بۆ هەڵسەنگاندن و پریاردان لەسەر ڕووداوێکی بایەخدار یا گۆرانکارییەکی ڕێکخراوەیی تایبەتی دەبەسترێ. تەنانەت کۆنگرەی تایبەتیش دەسەڵاتی کۆنگرەی ئاسایی نییە، بەڵکو تەنها لەو کێشەیە دەکۆڵێتەوە و پریاردەدا کە کۆنگرەکەی بۆ بەستراوە.

---

[15] لە ئۆرگانەکانی یەکێتیدا **کۆنگرە** بەرزترین دەسەڵاتە. ئەو ئۆرگانە گرنگە لە پێرەوی ناوخۆدا تەنها بە نیو لاپەڕە پێناسەکراوە، کەچی **شانە** -کە ئەبی خۆی چی بی و دەسەڵاتی چی بێ- بە زیاتر لە یەک لاپەڕە پێناسەکراوە. پیاو کە لە پێرەوی ناخۆدا دەبینی نوسراوە **پلێنۆم هەموو دەسەڵاتێکی گۆنگرەی** (بێجگە لە چەند خالێک) هەیە، یا لە کۆنگرەی دووەمدا ئۆرگانێکی ئەزموونی بەناوی **ئەنجومەنی ناوەند** دامەزراندووە سەری سوردەمێنێ و دەپرسێ کە دەبێ ئەوە چۆن کۆنگرەیەک بوو بێت! نوێنەران، یا زۆریان جەماعەتی بەڵێ بوون یا بێ ئاگابوون لە کاری دیموکراتی ڕێکخراوەیی یا بەزۆرەملێ ئەو هەموو تەنازولاتانەیان لە مافی ئەندامان و دیموکراتی پێکراوە.
ئۆرگانێکی ئەزمونی بەناو ئەنجومەنی ناوەند وەک جنۆکە خۆی خستۆتە جەواڵێکی تازەی بەناو پاشکۆ (ی پێرەوی ناوخۆ) وە، کە لە (60-80) هەڤاڵ! پێک دێت، تێبینی بکەن! هەڤاڵ نەک ئەندام یا نوێنەر! لەگەڵ ئەوەی کە بەشێوەیەکی نادیموکراتی ئەو هەڤاڵانە! هەڵدەبژێردرێن و لە ئۆرگانێکی ئەزمونی و پاشکۆی پێرەوی ناوخۆدان، کەچی کۆمەڵێک دەسەڵاتی زۆریان بەسەر ئۆرگانەکان و لە ناو یەکێتیدا هەیە. هیوادارم ئەو ئۆرگانە لەگەڵ لەدایکبوونیا لە بارچوو بێ، چونکە یەکێتی پێویستی بە ئەزمونی دیموکراتییە نەک نادیموکراتی. بەداخەوە سەرکردایەتی یەکێتی ئۆرگانەکانی تری بەباشی و دیموکراتی بۆ بەڕیوەناچی کەچی ئۆرگانی تازەی تر دادەمەزرێنێ.

## 6- ئینتەرناشونالیزم

چەند هۆیەک هەیە کە پێویستە هانی یەکێتی بدات کە زۆر زیاتر گرنگی بە مەسەلەی ئینتەرناشونالیزم بدات و بەرنامەی تایبەتی بۆ هەبێ. لەهەمان کاتدا لە پرۆگرامی ئایندەدا بە شێوەیەکی سەرەکی و ستراتیژی دایبڕێژی. بەبروای من هەندێک لەو هۆیە هاندەرانە ئەمانەن:

-/ لەبەر ئەوەی کە یەکێتی حیزبێکی چەپە و بزوتنەوەی سۆشیالدیموکراتی دیاردەیەکی ئینتەرناشونالییە، پێویستە گرنگی بە بەهێزکردنی سۆلیداریتی و پەیوەندییە فرەنەتەوەیی و ئینتەرناشونالییەکان بدرێن. هەڵوێست و خەباتی خۆی بۆ مەسەلەی ئاشتی و مافی مرۆڤ و پشتگیری بزووتنەوەی سۆشیالیزمی و ئازادی گەلان و کرێکاران وە بەتایبەتی لە ڕێگای سۆسیالیست ئینتەرناشونال دەرپڕێ.
-/ بەها و بزوتنەوەی ئینتەرناشونالیزمی گەلانی تر، بەتایبەتی ڕۆژئاوا، بایەخی پۆزەتیڤی لەسەر چارەسەری کێشەی کورد هەیە و وزە بەخشە بە یەکێتی.
لەبەر ئەوەی یەکێتی دەسەڵاتدار و سەرکەوتووە، ئەرک و لێپرسراوێتی نیشتمانی زۆر گەورەی لە ئەستۆدایە کە نەک هەر تەنها بۆ کوردستانی عیراق بەڵکو بۆ کوردستانی گەورەش.
لەهەمان کاتدا کوردەکانی ئەوروپا و باقی جیهان، کە پێکهاتوون لە خەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستان فاکتەرێکی گەورە و بەهێزن بۆ پشتیوانی و هاوکاری یەکێتی و گەلی کوردستان.

-/ ئەمڕۆ ئێمە لەسەردەمی عەولەمەدا دەژین کە پەیوەندی نیودەوڵەتی و میللەتان زۆر چڕ و فراوانتر بووە. لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک کێشەی جیهانی دروست بوە کە بۆ چارەسەری پێویستە هەموو گەلان و دەوڵەتان لە ڕێگای UN و ڕیکخراوە جیهانی و هەرێمییەکانەوە هاوکاری یەکتر بکەن، بۆ نمونە وەک پیسبوونی هەوا و ژینگە، پەیدابوونی چەندان نەخۆشی درمی وەک ئایدز و دەردەشێتی گا، کێشەی تر وەک مەترسی تیرۆریزم و قاچاخچێتی تلیاک و زیاتر بڵاوبوونەوە چەکی ئەتۆمی و شەڕ و هەژاری.
ماوەیەکە UN کار لەسەر بەرنامەیەکی ڕیفۆرمی خۆی و بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشدا دەکا بەڵام تائێستا، بێجگە لە سەرۆکۆمار مام جەلال لە وتارەکەی لە UNی، لە هیچ لایەکەوە نەم دیوە باس لەو مەسەلانە بکرێ یا چ هەڵوێستمان هەیە لەسەر ئەو ریفۆرم و گۆرانکارییانەی لە UN دەکرێن، بەتایبەتی مەسەلەی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشدا. یا یەکێتی چ دەکا بۆ ئامانجەکانی ئەم هەزارەیە(ملینیۆم ) بۆ نمونە بۆ کەمکردنەوەی برسێتی و هەژاری و نەخویندەواری یا زیادکردنی هاوتایی ژن و پیاو. بێگومان لەبەر ئەوەی عێراق سامانێکی زۆری هەیە دەتوانێ لەو بوارانەدا کاریگەری هەبێ و لە داهاتودا لە UN یش گوێ لە قسەی بگیردرێ، هەر لەو ڕێگایەشەوە یەکێتی دەتوانێ کاریگەری خۆی هەبێ.

-/ یەکێتی ئێستا بە حوکمی ئەوەی رۆڵی هەیە لە حکومەتدا و سەرکۆماری هەیە و ئەندامی ڕێکخراوی جیهانییە وەک سۆسیالیست ئینتەرناشوناڵ، ئەوا ئەرک و مەسئولییەتی نێونەتەوەی کەوتۆتە سەرشانی و دەبێ بەشداری لە چالاکی و کۆبوونەوەکانی ئەو ڕێکخراوانەدا بکا. لە هەمان کاتدا پێویستە پێشنیار و بیروبۆچوونی هەبێ لەسەر کێشەکان و چالاکی و گۆرانکاری و گەشەی ئەو ڕێکخراوانە، کە لەو ڕێگەیەوە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی لەو پرس و کێشانە هۆشیار دەکاتەوە و ئاستی زانیاری ئینتەرناشونالییان بەرز دەبێتەوە.
بەو شێوەیە دەتوانین کەسانی لێهاتوی خۆمان ئامادە و پەروەدە بکەین بۆ کارکردن لە ناو دەزگاکانی سۆسیالیست ئینتەرناشوناڵ و UN وە زۆری تر، کە بوارێکی تازە و گرنگن سەبارەت بە کورد.
دوور نییە لە داهاتودا هەڤاڵ مام جەلال نەکرێتە یەک لە جێگرەکانی سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناشونال کە زۆر سەرکردەی تر جێگرن لەوێ، لەوانەشە بتوانێ کار یا پۆستی تر لە سۆسیالیست ئینتەرناشونال و UN وەربگرێت.

## 7- ژینگەپارێزی

وەک ئاشکرایە، بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤەوە، کێشەی پیسبوونی ژینگە، هەوا و سروشتی ناوخۆ و جیهانی زیادیکردووە، کە بۆتە هۆی مەترسیەکی گەورە، تەنانەت لەسەر مانەوەی مرۆڤ خۆیی و کۆمەڵگاکەی. لەبەر ئەوە پێویستە یەکێتی بۆ ئەو کێشانە هەڵوێست و بەرنامەی چارەسازی و ژینگەپارێزی هەبێ.
پێویستە پرۆگرامی ئایندەی یەکێتی، **نەک هەر چەپ و سوور بێ بەڵکو پێویستە سەوزیش بێ.**
ئاشکرایە لەگەڵ گەورەبوونی مەترسی پیسبوونی ژینگە و سروشت لەو بیست ساڵەی دواییدا لە زۆر وڵاتانی تر پارتی سەوز و ژینگەپارێز دروست بوون. بێگومان درەنگ یا زوو لە کوردستانیشدا دروست

دەبێ، وە گەورە و بچوکی حیزبی واش بەستراوەتەوە بە وەی کە تا چ ڕادەیەک حیزبە کوردستانییەکان بایەخ بە ژینگە دەدەن و بیروباوەڕی سەوزیان هەیە. جێگای سەرنجە کە لە ئەوروپا بەزۆری گەنجەکان و ژنان دەنگ بەو پارتە سەوزانە دەدەن لەبەر ئەوەی کە نیگەرانن و خەمی پیسبوونی ژینگەیانە لە ئایندەدا.

## 8- گۆڕینی ناوی یەکیتی

لەوانەیە سودبەخش بێ ئەگەر یەکێتی، کە ئێستا چۆتە قۆناغێکی تازەوە، گۆڕانکاری لە ناوی خۆیدا بکا، بەشێوەیەک کە زیاتر تەعبیر لە ئایدۆلۆجی و خەباتی کۆمەڵایەتی یەکێتی بکا، نەک لە خەباتی رزگاری نیشتمانی. بۆ نموونە گۆڕینی ناوەکەی بۆ "یەکێتی سۆشیالدیموکراتەکانی کوردستان". بەهەمان شێوە پێویستە ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران و ژنان...هتد، کە سەر بە یەکێتین ناوی خۆیان بگۆڕن بۆ یەکێتی لاوانی سۆشیالدیموکراتی کوردستان یا یەکێتی ژنانی سۆشیالدیموکراتی کوردستان. لەڕاستیدا ئێستاش پێویستە ناوی ئەو ڕێکخراوانە بەشێوەیەک بێ کە دەریبخات کە سەر بە ی.ن.ک. بەداخەوە لە پێرەوی ناوخۆی یەکێتیدا بە یەک وشە باسی بایەخی ئەو ڕێکخراوانە نەکراون کە بەشێکی گرنگن لە هێز و پەیکەری یەکێتی.

# بەشی سێهەم: زیاد کردنی لامەرکەزییەت و دیموکراتی

## 1- گۆڕینی شانە و پۆل بۆ کۆمەڵە

ڕێکخراو ، بریتییە لە سەرجەمی کۆمەڵێک کەسی هاوئامانج، کە پێکەوە پەیکەرێکیان پێکهێناوە، وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک یا زیاتر لە قۆناغێکی دیاریکراودا. بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بگاتە ئامانجەکانی ئەوا پێویستە لە ڕوانگەی ئامانجەکانیەوە و بەپێی هەلومەرجی قۆناغەکە پەیکەری ڕێکخراوەیی خۆی داپڕێژێ. ئەو پەیکەرەش، کە وەک مەکینەیەک بەرەو ئامانجەکان ڕەوت دەکا، دەزگایەکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو پێویستە بەپێی هەلومەرجی قۆناغەکە و لەڕوانگەی گەشە و ستراتیژەوە گۆڕانکاری و نوێکاری و خۆسازی تێدابکرێ، بۆ ئەوەی توانا و وزەی تێدابێ کە بتوانێ کار و خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بکا.
بێگومان بڕیار و ئەنجامدانی کردن یا نەکردنی ڕیفۆرم و نوێکاری، بەتایبەتی لەلایەن سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەوە، بەپێی تێگەیشتنیان بۆ هەلومەرجی تازەی ناوخۆ و دەوروبەر، دەدرێ. مێژووش دەریخستووە کە تێگەیشتنی هەلومەرجی تازە وا ئاسان نییە و جیهانی ئەمڕۆش لەو بوارەدا پڕە لە نموونەی سەرکەوتو و ناسەرکەوتو.[16]
لەبەر ئەوەی لە جیهانی ئەمڕۆدا گۆڕانکارییەکان زۆر بەخێرایی ڕوودەدەن، ئەوا پێویستە و مەرجی مانەوەشە، بۆ هەموو ئەو رێکخراو و دەزگایانەی کە لە کۆمەڵگادا هەن، نوێکاری لە خۆیاندا بکەن. هیچ ڕێکخراوێک لەخۆیەوە نوێ نابێتەوە ئەگەر هۆشیارانە هەوڵی بۆنەدرێت، ئەگینا ئیفلیجبوون و پوکانەوە چاوەڕوانی هەموو شتێکی خۆنەگۆڕ و بەسەرچو دەکات.

لەو ڕاونگەیەوە لەبەر ئەوەی کە زەمینەی سیاسی کوردستان --خۆشبەختانە زۆر باشتر بووە--، شیوەی خەبات و ئامانجەکانی یەکێتی گۆڕاون، پێویستە سەرکردایەتی یەکێتی بیر لە گۆڕانکاری پەیکەری ڕێکخراوەی یەکێتی بکەنەوە، بۆ ئەوەی **شێوەیەکی دیموکراتی‌تر و سەردەمی‌تر و گونجاوتر** بۆ شێوازی خەبات و ئامانجی نوێ وەربگرێ. لە هەمووی گرنگتر، بۆ ئەوەی زۆرترین ئەندام راکێشێ و لە هەڵبژاردندا باوەڕی زۆرترین دەنگدەر بەدەسبهێنێ. لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی بتوانێ کار و هەوڵی سەرکەوتو، لەهەلومەرجی تازە و دیموکراتیدا، بۆ ئەو ئامانجە تازانە بدا و لە توانای هەبێ بەدەستیان بهێنێ.

هەندێک لەو گۆڕانکارییانەی کە، بەبۆچوونی من، پێویستە بکرێن بریتین لە گۆڕانکاری بەتایبەتی لە **ئۆرگانە بنچینەییەکانی یەکێتی وەک شانە، پۆل و کەرت**...هتد بکرێن بۆ ئەوەی پەیکەرێکی

---

[16] زەقترین نموونەی ناسەرکەوتو لەم بوارەدا، پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتییە، کە دەسەڵاتدارانی ئەو حیزبە بەڕادەیەک لە ڕیفۆرم و نوێسازی ترسابوون هەر بەریان دەگرت تا کارلەکار ترازا. کاتێک گورباشۆڤ دەستی بە ڕیفۆرمی پرسترۆیکە و گلاسنەس کرد، شەپۆلەکانی ئەوەندە بەهێز بوون پارتی کۆمۆنیست و دەوڵەتی سۆڤیەت و سیستێمی ڕۆژهەڵاتیی بەناو بەرەی سۆشیالیستی لەبەریەک هەڵوەشاندەوە.

مۆدێرن دروست بکرێ، چونکە ئەو پەیکەرەی ئێستای هی سەردەمی خەباتی نهێنی و شاخ و ژێردەستەیە و بەئەندازەیەکی پێویست دیموکراتی نییە. ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاددا پێویستە هەوڵبدرێ مەرکەزییەت کەم بکرێتەوە و ئۆرگانەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆتر و تەختتر (نەک هەرەمی)[17] پێکبهێنرێن و کار و چالاکی بکەن. باشتر وایە وەک پارتە سیاسی و سۆشیالدیموکراتەکانی سکەندیناڤیا شیوەی کۆمەڵەیی وەربگرێ.
بەهۆی پرۆسەی دیموکراتیزە و گەشەی ئابووری و ئەو گۆرانکارییانەی کە بەسەر کوردستاندا هاتووە و کاریگەری پرۆسەی عەولەمە و فاکتەری دەرەوە لەسەر گەلی کوردستان و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و ئازادی و دیموکراتی، پێشبینی دەکرێ لە داهاتودا ژمارەی ئەندام لە یەکێتی و پارتەکانی تر کەمتر ببێتەوە. لەهەمان کاتیشدا لەوانەیە ئەندامان کاتیان کەمتر بێت یا تاقەتیان نەبێ یا هەر پێویست نەکا زۆر کات بەشداری کۆبوونەوەکان بکەن، چونکو زۆر جار ئەو کۆبوونەوانە شتی تازەی تێدا باس ناکرێت و ئەو زانیارییانەی کە لە کۆبوونەوەکاندا باسدەکرێن لەوانەیە زۆر لە ئەندامان دووایی بەڕێگای تەلەفون و ئیمەئل لە هەڤاڵێکی ئامادەبووی وەربگرێتەوە، یا زۆر زانیاری تر هەر زوو لە ئینتەرنێت و ڕاگەیاندنی ناوخۆ و دەرەوەدا وەریانگرتووە. لەلایەکی تریشەوە لەداهاتودا سیاسەتکردنیش بەزۆری لە ئۆرگانەکانی شارەوانی و پارێزگا و پەرلەماندا مومارەسە دەکرێ، نەک وەک ئێستا لە ئۆرگانە حیزبییەکاندا. کاریگەری ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی کارگێر و کارمەندی حیزبی.[18]
لەبەر ئەو هۆیانە باشتر وایە ئۆرگانەکانی **شانە و پۆل لاببرێ و کەرت بگۆردرێت بۆ کۆمەڵە** یا هەر کەرت پەیکەرێکی کۆمەڵەیی هەبێ وەک ئۆرگانێکی سەربەخۆی بنچینەیی ناو یەکێتی. بەو شێوەیە دەتوانرێت چالاکانەتر کاربکرێ، لە کۆبوونەوەکاندا ژمارەی بەشداربوو زۆر بێ و بواری گفتوگۆ و بیروڕا گۆرینەوە زیاتر دەبێ، چونکو بەدڵنیاییەوە لە داهاتودا، وەک لەسەرەوە باسکرا، **ژمارەی ئەندامانی یەکێتی کەمتردەبێتەوە** و ڕێژەی بەشداربوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی ئۆرگانە بچوکەکان کەمتر دەبێتەوە. لەلایەکی تریشەوە لەڕێگەی پەیکەری نوێوە دیموکراتی رێکخراوەیی بەهێزتر و فراوانتر دەکەین، چونکە دوو پلەی پەیکەری هەرەمی رێکخراوەکە لا دەبەین و بنچینەی یەکێتی فراوانتر و تەختتر دەبێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامان زیاتر لە یەکتر نزیک ببنەوە. بێگومان لە ئۆرگانی کۆمەڵەیدا، بەبەراورد لەگەڵ شانە و پۆل و کەرتدا، باشتر دیموکراتی مومارەسە دەکرێ و ئەندام ماف و کاریگەری لەسەر بڕیارەکان زیاتر دەبێ، کە ئەوەش هاندەر دەبێ بۆ ئەوەی چالاکیش زیاتر بکا.
لەلایەکی تریشەوە بەشێوەی کۆمەڵەیی، تایبەتمەندێتی ڕیکخراوە بنچینەییەکان زیاتر دەکرێ، بۆ نمونە دەتوانرێت کۆمەڵەی(یا کەرتی) یەکێتی گەڕەکی چوارباخ، کۆمەڵەی یەکێتی کارگەی جگەرە یا کارمەندانی شارەوانی، خوێندکاران، کاسبکاران یا کۆمەڵەی یەکێتی تورکمان یا فەیلییەکان یا تەنانەت **کۆمەڵەی مسوڵمانانی یا مەسیحیانی یەکێتی**[19]...هتد دابمەرزێ. لەوانەیە ئەم شێوازە، ئەگەر بەتەواوی سودی لێوەربگیرێ، ببێتە **فاکتەرێک بەهێز بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی یەکێتی** کە لەداهاتودا مەترسی کەمبوونەوەی لەسەرە.
لەڕوانگەی ئابووریشەوە ئەو کۆمەڵانە ئاسایی زۆر کەم پێوستیان بە یارمەتی دارایی مەڵبەند یا سەرکردایەتی دەبێ، چونکو خۆیان دەتوانن بەهۆی پارەی ئابوونە و یارمەتی و چالاکی ترەوە خۆیان بەڕیوەبەرن.

ئۆرگانێکی تر کە پێویستە گۆرانکاری تێدا بکرێت **مەڵبەندە**. بەهۆی هەلومەرجی تازەوە پێویستە مەڵبەندەکان، بۆ قوڵکردنەوەی دیموکراتی و بۆ ئەوەی باشتر و کاریگەرتر کاروباریان راپەڕێنن، سەربەخۆی تەواویان هەبێ . بۆنمونە لێپرسراو و ئەنجومەنی مەڵبەندی لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا بە ریگای دەنگدان لەلایەن نوێنەرانی ئەندامانی سنوری مەڵبەندەکەوە هەڵببژێردرێن. ئەوەش واتە دەسەڵات دەبێتە لامەرکەزی و قوڵکردنەوەی دیموکراتی، وەک سۆشالدیموکراتەکانی ئەوروپا.

---

[17] بەشێوەیەکی گشتی بەپێی تیۆری ڕێکخراوەیی دوو جۆر پەیکەری ڕێکخراوی دەبینرێ، کە بەکاردەهێنرێن بۆ ڕێکخستن و دابەشکردنی کارو ئەرک و فەرمانەکانی ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگا. یەکەم: ریکخراوی هەرەمی (هیرارکی) کە بڕیارەکان و پەیوەنییەکان و زانیارییەکانن بە شێوەیەکی هێڵێکی ڕاستی شاقوڵی لەسەرەوە بۆ خوارەوە وە بە پێچەوانەشەوە دەڕوات. دووەم: ڕیکخراوی تەختە کە بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخراوەکە بە باری پانتایدا فراوان دەبێ و پەیوەندییەکانیشی بە ئاسۆی دەڕوات نەک بە شاقولیی.
[18] ئێستا بەهەزاران کەس بەڕیگای حیزبەکانەوە خۆیان دەژێنن کە ئەوەش هەڵەیە. دیاردەی حیزب بۆ ئەوە نەهاتۆتە کایەوە کە لەناو دەزگاکانی خۆیدا خەلک بژێنێ، بەڵکو بۆ ئەوە پەیدا بووە، کە بە سیاسەت هەلومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دادپەروەری و دیموکراتی ...هتد باش لە کۆمەڵگادا لەپێناوی خۆشگوزەرانی هاونیشتمانیان برەخسێنێ.
[19] لە وڵاتانی سکەندیناڤیا بناغەی یەکەمی ڕێکخراوەیی بریتیە لە کۆمەڵەکان. لەلای سۆسیالدموکراتەکانی سوید کۆمەڵەی سۆشیالدیموکراتی لە گەڕەکەکان، سەندیکاکان، دایرەکان، زانکۆکان، یا هی گروپی وەک ژنان، خانەنشینان، مەسیحی، کوردی، فارسی...هتد لە سەرتاسەر ولاتدا لەگەڵ بوونی ئەندامدا دامەزراوە.

زیاترکردنی لامەرکەزییەت و دیموکراتی واتە بڕوا بوونە بە ئەندامان و زیادکرنی مەسئولییەتیان.
لێپرسراوێتی وزە لە شەخسدا پەرەپێدەدا و مرۆڤی نوێ دروست دەکا، کە ئازادی زیاترە، دیموکراتی زیاترە و هەست بە هێز و مەسئولییەت دەکا.
لەو ڕێگایەوە ئەرکی وردەکاری سەرکردایەتی کەمتر دەبێتەوە و ئەوان دەتوانن باشتر کارەکانی تر، بەتایبەتی ڕابەرایەتی، ڕاپەڕینن و لەهەمان کاتدا مەترسی پەیدابوونی دیکتاتۆری و بواری دەستێوەردانی سەرکردایەتی لەکاروباری مەڵبەندەکان کەمتر دەبێتەوە.

بێگومان من جەخت لەسەر ئەوە ناکەم کە ئەو پێشنیار و ڕەخنانەی من تەواون بەڵکو هەمووی بیروران و لەکەموکوری بەدوورنین جا بۆیە بۆ دیاریکردنی گۆرانکاری لە پەیکەری یەکێتیدا باشترە لیژنەیەکی لێکۆلینەوە و نویکاری دابمەزرێ، کە پێویستە بخرێتە ئەستۆی **لیژنەی پێداچوونەوەی پێرەو و پرۆگرام** (وەک لە خاڵێ پێرەو پرۆگرامدا باسم کردووە) بۆ ئەوەی بەوردی و شارەزایانە بەڕاوێژ لەگەڵ پسپۆر و ئەنداماندا توێژینەوەی لەسەر بکەن.

## 2- دامەزراندنی کۆمەڵەی تورکمان، عەرەب، ئاسوری

لەبەر ئەوەی یەکێتی پارتێکی کوردستانی سۆشیالدیموکراتە، کە بڕوای بە یەکسانی ماف و بەرابەری بەهای هەموو مرۆڤێک هەیە، ئەوا پێویستە ڕیگا خۆشبکا بۆ ئەندامبوونی کەسانی بۆ نمونە تورکمان و عەرەبی کوردستان کە ئایدۆلۆژی و بەرنامەی یەکێتیان پەسەندە و دەیانەوێت بۆ کوردستان و بەرنامەی یەکێتی کاربکەن. تەنانەت ئەگەر نوێکاری کرا لە پەیکەری ڕێکخراوەیی یەکیتیدا – لەجیاتی شانە و پۆل، لەسەر بنچینەی کۆمەڵەکان پێک بێ– ئەوا سودبەخش دەبێ ئەگەر بواربدرێت لەناو یەکێتدا کۆمەڵەی بۆ نموونە تورکمانی یا عەرەبی، یەزیدی ...هتد سەربە یەکێتی دابمەزرێن، وەک بۆ نموونە چۆن ئێمەی کوردی دانیشتوی سوید چەند کۆمەڵەیەکی سۆشیالدیموکراتی کوردیمان لە شارەکان دامەزراندووە کە سەربە سۆشیالدیموکراتی سویدن[20].
ئەگەر بەو ڕێباز و ئاڕاستەیە ڕۆین، ئەوا **ژمارەی ئەندامانی غەیری کورد لە یەکێتیدا** زیاتر دەبێ و لەهەمان کاتدا لە هەڵبژاردندا ژمارەی دەنگدەرانی عەرەب و تورکمان و گروپی تر بۆ یەکێتی زیاتر دەبێ.
بۆ ئەوەی یەکێتی زۆرترین دەنگ و بڕوا و پشتیوانی لە غەیری کورد لە کوردستاندا بەدەسبهێنێ، پێویستە بۆ هەڵبژاردنەکان، کاندیدی عەرەب و تورکمان و ئاسوری لە لیستەکانی یەکێتیدا، لە هەموو ئاستەکاندا هەبن، تەنانەت بۆ سەرکردایەتی یەکێتی و پەرلەمانی کوردستان و عێراقیش. نابێ نەژادپەرستانە بیربکەینەوە، ئەو کەمە نەتەوەییانەی کوردستان گۆشەگیر بکەین. هەچ کەسێک لە کوردستان لە هەچ نەژادێک بێ، ئەگەر بەرنامەی یەکێتی پێ پەسەندبوو وە هەوڵ بۆ ئامانجەکانی بدا دەبێ بەخۆشییەوە بەخێرهاتنیی بکەین بۆ ناو یەکێتی.
من لەو بڕوایەدام لە داهاتودا، بەهۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا، پەنابەر و بەهۆی گەشەی ئابوورییەوە کرێکارانی وڵاتانی تر لە کوردستان زۆر زیاتر دەبن. لەبەرئەوە سودبەخش و ڕەوایە، یەکێتی وەک حیزبێکی مرۆڤدۆست، لە پرۆگرامیدا هەڵوێستی خۆی دەربڕێ و ئامادەگی تێدابێ بۆ پشتیوانی و خەبات کردن بۆ خۆشگوزەرانی هەموو ئەو بێگانانەی دەبنە دانیشتوانی کوردستان و باوەشیان بۆ بگرێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش خزمەت بە کوردستان بکەن و بەرەو پێشەوەی بەرن. کورد قەرزاری گەلانی زۆر وڵاتە کە لە کارەسات و کۆڕەو و تەنگانەدا یارمەتی و داڵدەی ملیۆنان کوردیان داوە.

## 3- زیادکردنی ژمارەی ئۆرگانە سیاسییەکان

ئاشکرایە بەتەنها هەر ئەنجومەنی شارەوانی یا پارێزگا[21] ناتوانن سەرپەرشتی و ئەنجامدانی هەموو

---

[20] بەپێی پێرەوی ناوخۆی سۆشیالدیموکراتەکانی سوید هەموو کۆمەڵە کەسێک (لە پێنج کەس کەمتر نەبن) کە بەرنامەی سۆشیالدیموکراتەکانیان پەسەندبێ، بۆیان هەیە کۆمەڵەی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن. بنچینەی پەیکەری پارتی سۆشیالدیموکراتەکان لەسەر کۆمەڵەکان وەستاوە. کۆمەڵەکانی سنوری شارۆچکەیەک ناوچە پیکدەهێنن و چەند ناوچەیەک مەڵبەندێک پێکدەهێنن. زۆر جۆری کۆمەڵەش هەن وەک کۆمەڵەی کرێکارانی کانزا، کۆمەڵەی ژنان، خوێندکاران یا کۆمەڵەی مەسیحی‌یانی سۆشیالدیموکرات یا ژنانی مسوڵمانی سۆشیالدیموکرات یا وەک ئێمە کە کۆمەڵەی سۆشیالدیموکراتی کوردی شاری یۆتۆبۆریمان هەیە. دوورنییە لە داهاتودا لە کوردستانیش، ئەگەر پەیکەری یەکێتی بگۆردرێ، کۆمەڵەی سونی یا شیعی یا مەسیحی یا کاکەیی سەربە یەکێتی دروسی نەبێ.
[21] ئاشکرایە ناکۆکی لەسەر بوون و دەسەڵاتی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگا هەیە، کە ئایا کام ئەنجومەن پێویستە بمێنێتەوە. لە ڕاونگەی دیموکراتی و ڕاپەراندنی کارەکانەوە، پێویستە هەردوو ئەنجومەنەکە هەبن، چونکە دوو دەسەڵات و دوو ئاستی جیاوازن لە پەیکەری ئیدارەی سیاسیدا. زۆر کار و خزمەتگوزاری شار هەن تایبەت و هاوبەشن لەنێوان دانیشتوانی شارێک و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەنجومەنی شارەوانی ئەو شارەوە هەیە. بەڵام زۆر کار و خزمەتگوزاری و کێشەی تر هەن، بۆ دابینکردن و چارەسەریان پێویستی بە هاوکاری و هاوبەشی چەند شار و شارۆچکەوە

ئەرک و خزمەتگوزارییەکانی سنوری خۆیان بگرنە ئەستۆ. لەبەر ئەوە بۆ باشتر سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی شارەکانی کوردستان پێویستە دەیان ئۆرگان و لیژنەی سیاسی وەک کۆمیتەی ژینگە، ئاووئاوەڕۆ،سوتەمەنی و وزە[22]، نەخۆشخانەکان، لیژنەی سکاڵای نەخۆشان، کۆمەڵایەتی، چاودێری دارایی، گەشتوگوزار، پارکەکان، خانوبەرە، پەنابەران، ڕێگاوبان و هاتوچۆ، قوتابخانەکان، پەیمانگاکان، لیژنەی هەڵبژاردن، کۆمپانیاکانی شارەوانی ... هتد دابمەزرێن. دامەزراندنی ئەو ئۆرگانانە نەک هەر لەڕووی ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی و خزمەتگوزارییەوە سودبەخشن بەڵکو لەڕووی دیموکراتی و سیاسیشەوە واتای زیادکردنی دەسەڵاتی دیموکراتی هاونیشتمانییانە. لەبەر ئەوەی دەزگاکانی شارەوانی و پارێزگاکان سەرپەرشتی و سەرفی سامانی (داهات و ماڵک)ی گشتی، واتە گەل، دەکەن، ئەوا پێویستە لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا سیاسیان کە نوێنەری هاونیشتمانیان سەرپەرشتی ئەو ئۆرگانانە بکەن. ئەوەش واتا زیادبوونی دەسەڵاتی هاونیشتمانیانە، چونکە ئەوان دەتوانن چاودێری سیاسییەکان، کە نوێنەریانن بکەن، یا لە هەڵبژاردندا بە دەنگەکانیان حکومبدەن کێ زۆرتر بۆ بەرژەوەندی هاونیشمانیان کاری کردووە.

لە شارێکی وەک سلێمانیدا، ئەگەر لەگەڵ شاری یۆتۆبۆری سویددا بەراوردی بکەین، پێویستی بە دەیان ئۆرکانی تر هەیە بۆ بەڕیوەبردنی کارەکانی. بێجگە لەوەی کە کۆمیتەی ئەو ئۆرگانانە پێویستی بە زیاد لە 2000 سیاسی ( پیشەیی و ناپیشەیی) دەبێ، لەهەمان کاتدا پێوستی بە سەدان پسپۆڕ و کارمەندی تری کارگێڕی دەبێ. بەو شێوەیە دەتوانرێ ئەرکی سیاسی بۆ سەدان کادری دەسبەتاڵ یا موچەخۆری بێ ئیشی مەلبەند ، وە هەروەها کار بۆ سەدان کەسی خاوەن شەهادەی بێکار بدۆزێتەوە، کە لەو ڕێگایەوە دەتوانن باشتر خزمەت بە کۆمەڵگا و شارەکەیان بکەن. ئەمەش لەهەمان

---

هەیە. هەموو شارەوانیەکان بودجەی گەورەی وەک یەکیان نییە بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەی گەورە و زانکۆ و دەزگای کولتوری یا کارەبا و ڕێگاو بانی نیوان شارەکان و کێشەی ژینگە و زۆر شتی تر، بەڵکو پێویستی بە هاوکاری چەند شارەوانییەک هەیە، کە ئەوەش لە ڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاوە، کە دەسەڵاتێکی سەرو شارەوانی و نێوان شارەکانە، سەرپەرشتی دەکرێ بۆ ئەوەی بە هێزوتوانا و بودجەیەکی گەورەتری هاوبەشییەوە چارەسەر بکرێ.

[22] *بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی دیموکراتییەوە پێویستە هەموو سەرمایە و دەزگا گشتییەکان لە لایەن سیاسییەکانەوە کە نوێنەری گەلن بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی سەرپەرشتی بکرێن. لەبەر ئەوە نابێ سیاسی دەسەڵاتی وا بخاتە دەست بەڕێوبەر و فەرمانبەرەوە کە بۆ نمونە بوون و نەبوونی کارەبا، غاز، نەوت و بەنزین... بکرێتە چەرکوفەلەق و بە ئارەزوو خۆیان نرخ بەرزونزم پێبکەن. هەموو جۆرەکانی وزە پێویستیەکی بنچینەیی ڕۆژانەی هاوڵاتیانە، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو جیهانیش لەسەر وزە وەستاوە و بە وزە هەڵدەسوڕێ،* ***ئەمەریکا 99%*** *لە پێناوی وزەی نەوتدا عێراقی داگیرکردووە، لەبەر ئەوە دەبێ یەکێتی وەک حیزبی دەسەڵاتدار پلان و ستراتیژی هەبێ بۆ مەسەلەی دابینکردن و کەم نەبوونی وزە، لە هەمان کاتدا دەبێ وەک سۆشیالدیموکرات بەرنامەیەکی عادیلانەی هەبێ بۆ نرخ و دابەشکردنی وزە بەسەر هاوڵاتیاندا. لەکاتی کەمبوون و گران بوونی کارەبا و نەوت و بەنزین بەزۆری هەژاران و کەم موچەکان ژیانیان لێ تاڵ و قورس دەبێ. ئەمڕۆ شانازی و لێهاتووی یەکێتی بە ئەندازەی دابین کردنی خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوان دەردەکەوێ، نەک هەر بە قارەمانێتیەکانی ڕابوردوی. لێنین لە دووای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە پلەی یەکەم گرنگی بە دابەشکردنی کارەبای وەک هەنگاوێکی سۆشیالیستانە دانا، کەچی یەکێتی 85 ساڵ پاش لێنین و دووای 15ساڵ لە دەسەڵاتدا هێشتا هەر گیری خواردووە بەدەست کێشەی بێ کارەباییەوە. تا ئێستاش هیچ بەرنامە و پلانێکی بۆ داهاتوو نییە و چاوەڕێ دەکا مدیرە کۆنە بەعسییەکان بۆی چارەسەربکەن. دەزگای کارەبا کە ڕۆژی چەند سەعاتێک وا بە خراپی و بچڕبچر و بەرزونزمی ڤۆلییەوە کارەبا دەدا بۆتەهۆی ئەوەی ڕۆژانە بە* ***هەزاران دۆلار زەرەر*** *بە هاوڵاتیان بگەیەنن بەهۆی سوتانی، تەلەفیزیۆن، سەتەلایت، سپلیت و گڵۆپ و شتی کارەبای ترەوە. دەزگای کارەبا خشتەیەکی فراوانی سەرفکردنی کارەبای بەناوی کەم بەکارهێنانی کارەبا داناوە، دوو بەرابەر زیاتر نرخی کارەبایان زیادکردووە، وەک ئەوەی کەمی کارەبا خەتای هاوڵاتیان بێ یا کارەبا خۆی زۆر هەیە تا هاوڵاتیان کەمتر بەکاریبهێنن. بەداخەوە لەوە دەچێ لێپرسراونی یەکێتی زۆر نەشارەزابن لە کاری خزمەتگوزاری هاوڵاتیان یا تەسلیمی مدیری گەندەڵ بوون، کە بەبێ هۆشیاری سیاسی و عەدالەت نرخی کارەبا بەرزدەکەنەوە، کە ئەویش کاریگەری لەسەر بەرزکرنەوەی نرخ لە بازاڕدا دەبێ و هەوڵەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی نرخ دەشێوێنێ. نەبوون و خراپی کارەبا، نەک هەردەستی ناوەتە بینی گەشەی ئابووری کوردستان، بەڵکو باری ئابووری و کات و ژیانی هاوڵاتیانی گران و تاڵ کردووە بە کڕینی مۆلیدە، بەنزین، گاز، ڕۆن، باتری، یو-پی-ئێس، ڕێگولاتۆر، ڤۆلتاج و ڕاکردن بەدووای دەیان ئامڕازی تردا، لە لایەکی تریشەوە بە مۆلیدەی بەنزین و گاز ژینگە و هەوای شارەکان پیس دەکەن. لە پارێزگای سلێمانیدا دەیان کۆلکە مدیری تێدایە کە دائرەکانیان لەبەر پەرپوتی و بی فکری وشک هەڵهاتوون و زەڕەیەک گەشەیان بەخۆیانەوە نەدیوە. شاری کەلاری ئەنفالکراو لەبن بەحر و کارەبای دەربەندیخان و لەسەر زێی سیروان کەچی کارەبا و ئاوی خواردنەوەی نەبوو بەهۆی بێشعوری و گەوجی لێپرسراوانییەوە، تا کاسەی هاوڵاتیان پڕبوو و ڕاپەڕین. بێجگە لەوە کار گەیشتۆتە ئەوەی هەندێک لە کاربەدەستانی دەزگای کارەبا خۆیان هەڵبکێشن کە زیاد لە 85 شەهیدیان داوە! بۆچی بۆ ئەو کارەبا جوانە! کەرکوکیان ئازادکردووە! دەبێ کاربەدەستانی نامەسئولی دەزگای کارەبا زۆر چاک بزانن ئەوانە شەهید نین بەڵکو کوژراوی دەستی کاربەدەستانی بێکەڵ و بێ ویژدانی کارەبان. خەڵکی دەبنە کارمەندی کارەبا بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان و منداڵیان دابینبکەن، نەک بۆ ئەوەی لە دەزگای کارەبا بەهۆی ئیهمالی و نەزانین و دزینی پارەی کەلوپەلی خۆپارێزییەوە بکوژرێن. بەهەرحاڵ بوونی مدیر خراپ و بێکەڵ کێشەی بۆ یەکێتی دروستکردووە و ڕەسیدی یەکێتی سوک کردووە و بێ توانا و بێ بەرنامە دێتە بەر چاوی هاوڵاتیان، ئەگەر وا بڕوات سەرئەنجام یەکێتی دەبێ لە هەڵبژاردندا باجەکە بەدۆڕاندن بدا.*

کاتدا شێوازێکە بۆ قۆڵکردنەوەی دیموکراتی بە زیادکردنی بەشداری هاونشتمانییان و زیادکردنی چاودێری و کۆنترۆڵییان لەسەر ئابووری و بەڕیوەبردنی بۆ نموونە شارەوانی سلێمانی. لە هەمان کاتدا بەو شێوەیە یەکێتی ئەرکی دەرکی و ئیداری لەسەر ئۆرگانەکانی کەمتر دەکاتەوە.
بێگومان لە داهاتودا، لەبەر کەمبوونەوەی قەبارەی کێشەی کوردستانی و زیادبوونی کێشەی ڕۆژانەی هاوڵاتیان -ئەگەر حیزبە زلەکان بۆیان چارەسەرنەکرێ پێشبینی دەکرێ حیزبی ناوچەیی بۆ شارێک یا پارێزگایەک یا بۆ کێشەیەکی تایبەتی دروست ببی.[23] لەبەر ئەوە پێویستە یەکێتی زۆر بەوردی گرنگی بە چارەسەری کێشەی ڕۆژانەی دانیشتوان بدا و بەو بەڵێنانەدا بچێتەوە کە لە پێش هەڵبژاردنەکان داویەتی و دەریبخات چەندی بەئەنجام گەیاندووە یا نەگەیاندووە و بۆچی. ئەنجامی بەڵێنەکانە دەریدەخا کە ئایا ئەو ڕیکخراوە جێگای باوەڕە یان نا. پێویستە لێپرسراوانی یەکێتی یا حکومی، لەبەر موجامەلە و دڵخۆشکردن، بەڵێنی سەوزوسور، کە لە بودجەدا تێچووی بۆ دابین نەکرابێ نەدەن.

## 4- ئینتەرنێتی یەکێتی

ئینتەرنێت بۆ ئێستا و ئاینده بۆ پەیوەندی و بڵاوکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری ئامرازێکی کاریگەرە. لەبەر ئەوە پیویستە یەکێتی ئینتەرنێت بە شێوەکی دینامیکی و چالاکتر بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی هێزوتوانا و گەشەی خۆی پێ زیاد بکات. تائێستا یەکێتی لە ناوەوە و دەرەوە ئینتەرنێت بەشێوەیەکی لاواز، زیاتر بۆ هەواڵدان بەکارهێناوە کە زۆر هەواڵەکانیشی لە شوێنی تروە وەرگیراون. ڕەنگی سایتەکانی یەکێتی وەک دەردەکەون بەزەوقی و ئارەزووی دیزاینەرەکەی دانراون و دەگۆڕدرێن، لەجیاتی ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە یەکێتی حیزبێکی سیاسییە و دوو رەنگی تایبەیتی سەوز و سووری هەیە.
یەکێتی دەتوانێ سایتی تایبەتی خۆی وەک بانکێکی زانیاری لەسەر مێژووی خۆی، پێرەوپرۆگرام، ئائدۆلۆجی، هەڵوێست لە کێشەکان، فەرهەنگی سیاسی خۆی، وێنە و پێناساندنی سەرکردەکان، شەهیدەکان، کلیپی ڤیدۆیی وتاری مام جەلال، گەڵاڵەی هەندێک وتار بۆ بۆنەکان، ئارم و لۆگۆتایپەکان[24] و ئۆرگانەکانی یەکێتی، زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان و شیوازی پەیوەندی و بە فەنکشنی پرسیار و وەڵام و فۆرمی بوونە ئەندام لەگەڵ کۆمەڵێک شتی تر بەکاربهێنین.
بەو شێوەیە هەموو ڕیکخراوەکانی یەکێتی لە هەچ جێگایەک بن دەتوانن بۆ چالاکییەکانیان لۆگۆتەیپ، وێنە و دروشم و وتار بۆ بۆنەکان زۆر شتی تر *داون لەود*(داگرتنی)ی بکەن.
زۆر کاریگەر و سەدبەخش دەبێ ئەگەر یەکێتی هەوڵبدا سیستێمێکی ڤیب هوتێلی فراوان و بەهێزی بۆ کوردستان و عێراق و دەرەوە دابمەزرێنێ، کە بۆ نمونە مەڵبەندەکان، ڕێکخراوەکانی دەرەوە و تەنانەت سیاسییەکانیشمان بتوانن لاپەرەی خۆیانی تیدا بکەنەوە. بەو شێوەیەش بۆ نمونە مەڵبەندەکان باشتر و زوتر ئاگایان لە چالاکییەکانی یەکتر دەبێ و سود لە تەجروبەی یەکتر وەردەگرن.
بێگومان بۆ گەشەی ئینتەرنێتی یەکێتیش دەتوانیی هەر سود لە تەجروبەی سۆشیالدیموکراتی سویدی وەربگرین.

## بەشی چوارەم: دووبەرەکی ناو یەکێتی

لەسەرەتادا بەنیاز نەبووم بۆچوون لەسەر ئەم باسە دەربېڕم، بەڵام لە دووایدا بۆم دەرکەوت، کە ئەم کێشەیە زۆر لەخاڵی یەکەم گرنگترە. ئەوەندە گرنگە ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێ زۆر زەحمەتە

---

[23] ئەگەر بمانەوێ تۆزێک خەیاڵ بەکاربهێنین، لەوانەیە لە داهاتودا حیزب بەناوی: پارتی دڵسۆزانی پارێزگای سلێمانی یا هەولێر –کە حیزبەکانی تر بە بێبەڵین و نادڵسۆز دادەنێن؛ پارتی چارەسەری ئاووکارەبای سلێمانی یا نەخۆشخانەکانی یا ژینگەپارێزی سلێمانی یا پارتی وەفای شەهیدانی هەڵەبجە یا پارێزگای هەولێر/دهۆک...هتد دابمەزرێن. وەک دیارە کێشەی چارەسەر نەکراو و زۆرن بۆ ئەوەی ببنە زەمینە بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی ناوچەیی و یەک کێشەیی. لەهەمان کاتدا لەو پڕاوایەدام لە هەڵبژاردندا دەنگدەر کەم نەبن بۆ دەنگدان بەو جۆرە پارتانە. لەلایەکی تریشەوە بەدڵنیایی لە ناو دەنگدەراندا دیاردەی **فرەدەنگی** پەیدا دەبێ، کە دەنگدەر بۆ پەرلەمانی عێراق یا کوردستان دەنگ بە پارتێک دەدا، بەڵام بۆ شارەوانی لە وانەیە، لەبەر چەند هۆیەک، دەنگ بە حیزبێکی ناوچەیی بدا یا وەک ناڕەزایی دەنگی سپی(بەتاڵ) بدا.

[24] بەشێوەیکی گشتی یەکێتی تەواو سود لە بەهای ئارم و لۆگۆ و ڕەنگەکانی وەرناگرێ. بۆ نمونە لە هۆڵی زۆر لە کۆبوونەوە و بۆنەکاندا هیچ ئارم و ڕەنگ و ئاڵای یەکێتی و کوردستانی تێدا نابینرێ. تەنانەت لە زووربەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا، کە گرنگترین ئۆرگانی یەکێتیە، هیچ ئارم و ئاڵای یەکێتی یا کوردستان نە بەدیوارە و نە لەسەر مێز نابینرێن. مرۆڤ کە بەو شیوەیە کۆبوونەوەکانیان لە ژوورێکی داخراوی ڕووتدا لە میدیادا دەبینی تەسەور دەکا ئەم کەسانە زۆر لە بیر تەسکیدا دەژین و ئیختیفایان کردووە و کۆبوونەوەی نهێنی دەبەستن. م.س. دەتوانێ لە هەچ ژوورێکدا بییەوێ کۆبوونەوە بکا، بەڵام کە ویسترا وێنەکان لە ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆندا بڵاوبکرێتەوە، ئەوا پێویستە بیر لە دیکۆری سیاسی و پۆزەتیڤی ژوورەکە بکرێتەوە، کە بە شیوەیەک لە وینەکاندا دەربکەوی کە زۆرتیری سود بە ئامانجەکانی یەکیتی بگەیەنێ.

ڕیفۆرم و نوێکاری لە ناو یەکێتیدا بکرێ، ئەگەر بشکرێ ئەوا بەنیوەناچڵی دەکرێ و ئامانج ناپێکێ و سودەکانیشی بەهۆی ناکۆکییەکانەوە کاریگەری نابێ و بەفیڕۆ دەچن.
هەرلەبەر ئەوەشە دەمەوێ بیروڕای خۆم دەربارەی مەترسی ئەو ناکۆکییە بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان. من مەبەستم ئەوەش نییە لێرەدا هەڵوێست لەسەر ئەم لا یان ئەو لا وەربگرم، یان لایەک بەهەڵە یا ڕاست دابنێم، بەڵکو مەبەستی من تەنها دەربڕینی نیگەرانیمە لە مەترسی سەرئەنجامی ناکۆکییەکان کە ئەگەر ئێوەش لێی وشیاربن هەر بەباشی دەزانم بۆ بەڕێزتان دووبارەی بکەمەوە.

وەک ئاشکرایە لە ناو یەکێتیدا دووبەرەکییەکی کوشندە، لە نێوان کە بەختەتی مام جەلال و خەتی م.س/ریفۆرم ناودەبرێن، پەیدابووە. بەگشتی ناکۆکی دیاردەکی خراپ نییە بەڵکو بە پێچووانەوە بۆ گەشەی یەکێتی پێویستە، بەڵام بەمەرجێک ناکۆکییەکان نەگەنە ئاستی دووبەرەکی و دوژمنایەتی.
وەک هەستی پێدەکرێ **ناکۆکییەکانیش لەسەر مەسەلەی ئایدۆلۆژی و ستراتیژ و ئامانج نییە**، بەڵکو لەسەر جیاوازی بۆچوون لەسەر شێوازی کارکردن و دابەشکردنی دەسەڵات و کۆنترۆڵ و سەرفکردن و خستنەگەڕی سەرمایەی یەکێتییە.

## 1- مەترسی ناکۆکی و سودی تەبایی:

ئاشکرایە یەکێتی لە چەند لایەکەوە لە دژایەتی و مونافەسەدایە لەگەڵ پارتە عەرەبییەکان، تیرۆریستەکان، ئیسلامی توندڕەو، پارتی، ئێران، تورکیا و زۆر لایەنی تر. بێگجە لەوانەش هەلپەرستان و گەندەڵی ناو یەکێتی خۆی و ئیدارە رەسمییەکان. ئەوانە هەمووی بەرەنگاربوونەوە و خەبات و وزەی دەوێ. لەهەمان کاتدا، بەحوکمی ئەوەی ژیان بەرەو پێشەوە چووە، داخوازییەکانی جەماوەر لەسەر حکومەتەکەی یەکێتی زۆر بوون. لەبەر ئەوە بەو شێوە ناکۆکە یەکیتی تواناى پەرژان و بەرەنگاری ئەو هەموو بەرە و بەرامبەریانەی نییە.
لەهەمان کاتدا خەریک بوون بە ناکۆکی ناوخۆوە یا گرفت خستنە ناو کارەکانی یەکتر، دوواخستنی زۆر کار لەبەر ئەوەی ئەو لا پێشنیاری کردووە، یا ئەم باڵ کادرێکی دامەزراند ئەبێ ئەو لاش بیکا[25] و بەوریاییەوە چاودێری هەڵسوکەوتی یەکتر کردن، یا نەمانی دەسپێشکەری و نەکردنی زۆر چالاکی یا بە حەزەرەوە کردن لە ترسی ئەوەی نەک ئەو باڵ گومانی خراپ بکا. ئەوە بێگومان بەبێ سود کات و وزەیەکی زۆر لە هەموو لایەک بەفیڕۆ دەڕوات و کەس بەتەواوی ناپەرژێتە سەر کارە سەرەکییەکانی. سەرئەنجام یەکێتی وەک ڕیکخراو لاوازتر و بێڕوا و زەرەرمەند دەبێ.
گومان لەوەدا نییە کە هەردوو باڵ بەهێزن و ڕەگی قوڵ و فراوانیان لە ناو جەماوەردا هەیە، ئەگەر لەو ململانییەدا باڵێک زاڵبێ و ئەوی تر بدۆڕێ ئەوا لەلایەکەوە بەدڵنییایی ناکۆکییەکە کۆتایی نایەت، لەلایەکی ترەوە هەردوو لا زەرەرمەند دەبن، چونکو هێز و پاڵپشتی‌یان لێ کەمدەبێتەوە. بێگومان لایەنی دۆراویش لە دەرفەتێک دەگەڕێن تۆڵە بکەنەوە یا هەر نەبێ دەسەڵات پەیدا بکەنەوە.

**بەبۆچوونی من، لەداهاتودا بەپێی هەلومەرجەکان، لەوانەیە ناکۆکییەکان بەشێوەیەک لەم سیناریۆیانەی خوارەوە گەشە بکەن:**

### -/ سیناریۆی (نەگۆڕ) ستاتوس کڤۆ:

بارودۆخەکە بە شێوەی نەگۆڕ وەک ئێستا دەمێنێتەوە، هاوتایی (بەڵانسی/تەوازن) هێزی هەردوولا بەرقەرارە، بەڵام ناکۆکییەکان بە گرژی ماونەتەوە و چارەسەرنەکراون. هەردوو لا چاوەڕوانی دەرکەوتنی فاکتەرێکن کە بەقازانجیان بشکێتەوە، هەردوو لا لەبەر فاکتەری دەرکی یا تێکنەدانی هاوکێشییەکە، چالاکی وا نانوێنن کە هەڕەشە لە باڵی ئەو لا یا لە هاوتایی هێزەکان بکا.
**دیاردەکانی**: ناکۆکییەکان بە خەفەیی و کارەکان بەساردی دەڕۆن، نادڵنیای و دووسەری لە بڕیارەکاندا دروست دەبێ، هەردوو لا زانیاری لە یەکتر دەشارنەوە، ئەرکەکان بە ناتەواوی ئەنجام دەدرێن، بۆ ڕێگرتن لە بەهێز بوون بەرامبەر گرفت دەخرێتە کاری یەکترەوە، زۆر ئەندام گومان لە دەوروبەر دەکا و بە ڕاشکاوی هەڵوێستی خۆی دەرناپڕێ، نەک توشی سزادان ببێ، یەکێتی بیر و خوێنی تازەی بۆ نایەت لەبەر ئەوەی هیچ ریفۆرم و نوێکاری ناکرێ، لەبەر کەمی لێپرسینەوە گەندەڵی پەرەدەسێنێ.

---

[25] ئەو شێوە کارکردنە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە سودمان لە تەجروبەی فاشلی پەنجا بە پەنجا وەرگرتووە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی لێکدوورکەوتنەوە و دەستەگەری و گەشە پێدانی تۆوی دووبەرەکی. لەهەمان کاتدا ناکۆکی لە بیروبۆچووندا کاریگەری نێگەتیف و ڕەنگدانەوەی لە کار و چالاکی و بەرهەمدا دەبێ.

ئەو دووبەرەکییە دەبێتە هۆی لاوازکردنی بەها و بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجی یەکێتی لە ناو ئەندامان و لایەنگراندا و بەپەرۆشەوە کارەکانیان ناکەن. سەرئەنجام یەکێتی بچوک دەبێتەوە، ژمارەی ئەندام ولایەنگر و دەنگدەری یەکێتی کەم دەبێتەوە.
لەوانەیە باڵێک یا ڕیبازێکی تر لە ناو یەکێتیدا پەیداببێ کە لە هەردوو باڵەکەی تر ناڕازی و بێزرابن و بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەو دوو باڵە هیچیان توانای ڕیفۆرم ونوێکارییان نییە، چونکە خۆیان بوونەتە هۆی پەرەسەندنی گەندەڵی و ڕێگر لە نوێکاری.

**-/ سیناریۆی جیابوونەوە:**
ناکۆکیەکان هیواش هیواش گەشەدەکەن، لەبەر ئەوەی باڵیک بەردەوام بەرەی خۆی بەهێزکردووە، ئەو باڵی تر بێئاگا بووە یا بەگرنگی نەگرتووە تا دەگاتە سنوری تەحەمولی. لێرەدا تەوازنی هێزەکان تێک دەچن و دەگاتە ئاستی تەقینەوە. لەم حاڵەتەدا هەردوو باڵ لەوە گەیشتون کە پێویستە دەسپێشکەرییەک بکەن بۆ ڕاگرتنەوەی تەوازن یا زاڵبوون، بێگومان ئەوەش بۆ هەردوو باڵ موجازەفەیە چونکە سەرئەنجامەکەی نادیارە کە یا سەرکەوتن یا ژێرکەوتن دەبێ.
لەوانەشە پێشتر باڵێک بەهۆی ڕووداوێکەوە بە هەڵمەتێکی کتوپڕ یا بەفێڵ و تاکتیک یا بە زەبری دەسەڵات، کە لەوانەیە لە شێوەی نیمچە کودەتایەکی سپیدا بێ، زاڵ دەبێ بەسەر لایەکەی تردا، بەڵام شەڕ روونادات، هەرچەندە هەموو کات لەگەڵ تیژبوونەوەی ناکۆکییەکان مەترسی شەڕ ڕوودان لە ئارادا هەیە. لەوانەیە لایەک لە لابەلا خستنی ناکۆکییەکان بەو شێوەیە سەرکەوتو بێ، بەڵام بێگومان ئەو لایەنە دەسکەوتەکان و ئاشتی و پرِوای هاوڵاتیان دەدۆڕێنێ.
لەم حالەتەدا یەکێتی توشی شۆک دەبێ، کۆمەڵیک کادر جیادەبنەوە، یا وازدەهێنن یا دەردەکرێن و سەنگەر دەگوێزنەوە بۆ ناو حیزبێکی تر، یا لەوانەیە حیزبێکی تر دروست بکەن.
دوورنییە ئەو دووبەرەکییە، جیابوونەوەی لێنەکەوێتەوە. ئەو کاتە لەوانەیە باڵێک وەک یەکێتی بمێنێتەوە و باڵەکەی تر ناوی خۆی بنێ ی ن ک/ شۆڕشگێڕ یا پاشکۆیەکی تر بۆخۆی دابنێ. لەو حاڵەتەدا یەکێتی یا پاشماوەی یەکێتی لە ئاستی ناوخۆ و جیهانیدا لاواز دەبێ. تەنانەت لە ڕێکخراوی سۆشیالیست ئینتەرناشونالیشدا لاواز دەبێ و لەوانەیە، ئەگەر یەکێتی بوو بە دوو حیزبەوە، بێگومان ناکۆکی دروست دەبێ لەسەر ئەوەی لە ناو سۆشیالیست ئینتەرناشونالیشدا کێ ئەندامی ڕەسەن دەبێ.
لەم حاڵەتەدا یەکێتی وەک ڕێکخراو لەوانەیە کەمتر لە 75% بمێنی. لەهەمان کاتدا بەشێکی زۆر لە لایەنگران و دەنگدەرانی یەکێتی کاری باڵی هەڵمەتبەر بەدەسدرێژی و ناڕەاوا دادەنێن. کەمبوونەوەی یەکێتی بۆ نزیکی 75% واتا گۆرانێکی گەورە لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا ڕوودەدا.

**-/ سیناریۆی شەڕ:**
لەوانەیە ناکۆکییەکانی لە قۆناغی سیناریۆی دووەهەمەوە زۆر تیژ ببنەوە و گەشە بکەن تا دەگەنە ئاستی تەقینەوە و دوژمنایەتی. لایەنێک تەسەور دەکا کێشەکان لابەلا دەکا، یا یەکێتی دەپارێزێ یا هەڕەشە و فشاری زۆری لەسەرە بۆ وەڵامدانەوە دەسپێشکەری پەلامارێکی سنوردار دەکا. ئەو کات شەڕ ڕوودەدا و خوێنی تێدا دەڕژێ[26]،بێجگە لەوەی کە تراژیدیایەکی خوێناوی دەخوڵقێ و برینی قوڵ دەکەوێتە جەستەی یەکێتیەوە، بێهێز و کەم توانای دەکا، هەردوو لاش دۆڕاو دەبن، چونکە براوە و نابراوە پێکەوە لە یەک کاتدا لاواز دەبن، دەسکەوتەکان و ئاشتی دەدۆڕێنن. لەوانەشە شەڕەکان لەژێر کۆنترۆڵ دەربچن و درێژە بکێشن. دوور نییە کە لە بارودۆخی وادا ڕووداوەکانی ساڵانی شەستەکان، وەک شەڕەکانی مەلایی و جەلالی، دووبارە نەبنەوە. لە حاڵەتی وادا لەوانەیە جەماوەر زۆر تورە ببن و لە دژی یەکێتی ڕاپەڕین بکەن و یەکێتی لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە. پارتیش باوەش بۆ پاشماوەی یەکێتی بگرێتەوە.

---

[26] لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن، ئیحتیمالی شەڕ زۆر دوورە، منیش لەو بڕوایەدام، بەڵام مەترسی ڕوودانی شەڕ هەر هەیە، لەوانەشە بەبێ بەرنامە هەڵگیرسێ یا بە شێوەیەکی نوێ، بەڕێگای پۆلیس و ئاسایش و چەکداری ترەوە ڕووبدەن. لەهەمان کاتدا مێژووی دووا پێنج سەد ساڵەی کورد پڕن لە کارەساتی جەرگبڕی شەڕی ناوخۆ، کە ڕێگر بوون لە ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد. ئاشکرایە لەسەردەمی نوێشدا براکوژی لە هەموو پارچەکانی کوردساندا ڕوویداوە، تەنانەت یەکیتی لەناو خۆشیدا، لە کاتی جیابوونەوەی **ئالای شۆرش**، بەداخەوە تووشی کارەساتی خوێناوی شەڕ بوو.
فاکتەری ئایدۆلۆجی و دەسەڵات و پارە ئەوەندە بەهێزن ویژدان و عەدالەت و جوامێری کەم کەس هەیە لەبەردەمیدا تێک نەشکێن. بەهەرحاڵ هیوادارم سەرکردایەتی یەکێتی ئەوەندە هۆشیار و جوامێر بن میکانیزم و بەربەستی توندوتۆڵیان لەبەردەم ڕوودانی شەڕدا دانابێ.

**سەرئەنجام:** زۆر ئیحتیماله یەکێتی ببێتە دووپارچە یا زیاتر، نائومێدی و بێزاری لە ناو ئەندامان و لایەنگران دروست دەبێ و لەم حاڵەتەدا کۆمەڵێک کادر وازدەهێنن یا جیادەبنەوە، یا دەردەکرێن و پاشان دەچنە پاڵ حیزبی تر. ئاشتی و دیموکراتی توشی گورزێکی قورس دەبێ و یەکێتی دەسەڵات لەدەستدەدا و توشی ئیفلیجی دەبێ بەتایبەتی لە بەغداد. دوور نییە یەکێتی کەمتر لە 50% بمێنی.

**-/ سیناریۆی هاوکاری و هاوخەباتی:**

لەم شێوەیەدا هەردوو باڵ بەهۆی بارودۆخی ناو یەکێتی و دەرەوە و پێشبینی داهاتووەوە دەگەنە قەناعەتێك، کە پێویستە پەرەی تازە هەڵبدەنەوە و ناکۆکییەکان بە دیالۆگ و کۆمپرۆمایز چارەسەر بکەن و کۆتایی بە دووبەرەکییەکان بهێنن. بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو لا بەجدی دادەنیشن و گفتوگۆ لەسەر مەسەلەکان دەکەن و لێک نزیک دەبنەوە و هەوڵی چارەسەر کێشەکان دەدەن، لەچوارچێوەیەکی نە شیش بسوتێ نەکەباب، دانوساندی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و کارەکان دەکرێن و لەسەرخۆ بڕیاری ریفۆرم و نوێکاری دەدەن. دوورنییە ناکۆکییەکان بە خراپی بە قۆناغەکانی سیناریۆی دووەم و سێهەمیشدا بڕوات، دووای کارەسات و وزە پێنەمان، ئینجا بگەنە قەناعەتی هاوکاری.
بەهەر حاڵ تا زووتر ناکۆکییەکان چارەسەربکرێن سەرئەنجامەکی باشتر دەبێ بۆ یەکێتی و گەلی کورد.

بێگومان لەوانەیە فاکتەری تر هەبێ کە گەشەی ناکۆکییەکان بە بارێکی تردا بەرێ و سیناریۆی تری لێ دروست ببێ. بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە تەنها هاوکارییە کە **سیناریۆی چوارهەمە،** لە هەموو حاڵەتەکاندا، باشترین ئەڵتەرناتیڤە بۆ هەموو لایەک و بۆ گەلی کورد.
هەموو ئەو ئەلتەرناتیڤانەی تر بێجگە لەوەی کە باڵێک دەدۆڕێ لەهەمان کاتدا ئەو باڵی تر و گەلی کوردیش زەرەرمەند دەبێ، گورزێکی توندیش دەبێ لە دژی مەسەلەی دیموکراتی و ئاشتی و خۆشگوزەرەنی.
بەشێوەیەکی گشتی ناکۆکییەکان خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی پارتی دەکا و بەهێزی دەکا. لەهەمان کاتدا بواری خۆشکردووە بۆ زۆر کەسی حیزبی و حکومی لەلاوە خەریکی گەندەڵی و پارەخواردن بن، چونکە لەبەر خۆدانەپاڵ چاوپۆشی زۆر بووە و بواری لێپرسینەوە و کۆنترۆڵ کەم بۆتەوە. [27].
لەهەمان کاتدا ناکۆکییەکان نیگەرانی، نادڵنیایی و بەدگومانی زۆری لەلای ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی دروست کردووە، کە بۆتەهۆی تەمەڵی و ناچالاکی لە ڕاپەراندنی کارەکاندا.

**2- هەڵبژاردن و پۆستی ستراتیژی**

خاڵێک کە لە داهاتودا زۆر گرنگ دەبێت مەسەلەی بەدەسهێنانی زۆرترین دەسەڵاتە لە عێراقدا، خۆشبەختانە ئەوەش بەهۆی بەدەسهێنانی متمانەی زۆرترین ڕێژەی دەنگدەرانە لەڕێگا هەڵبژاردنەکانەوە وە بە هاوخەباتی لەگەڵ حیزبەکانی تر .
یەکێتی و پارتی بەهاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی تر لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشو دەسکەوتی باشیان بەدەستهێناوە، وە لوتکەی ئەو دەسکەوتانەش بوونی هەڤاڵ مام جەلالە بە سەرکۆماری عێراق. ئاشکراشە کە پۆستی سەرکۆماری بە توانای گشتی یەکێتی بەدەسهاتوە، نەک تەنها بەتوانای هەڤاڵ مام جەلال، کە بێگومان ئەو بەتواناترین کاندیدی یەکیتی و کورد بووە بۆ ئەو پۆستە.
چالاکییەکانی سەرکۆمار دەریانخستوە، کە زۆر بە زیادەوە شایستەی ئەو پۆستەیە و ڕۆڵی گرنگی بینیوە بۆ کورد لەناوخۆ و دەرەوەدا. لەبەر ئەوە پیویستە یەکێتی بەبەرنامە کار بۆ بەدەسهینانی ئەو پۆستە بکاتەوە کە **پۆستیکی ستراتیجییە**.

**پرسیارێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا لە هەڵبژاردنی داهاتودا یەکێتی بە چ شێوەیەک دەتوانێ ئەو دەسکەوتانەی ئێستای بەدەستبهێنێتەوە و زیادیشی بکا؟**

بێگومان فاکتەری هەرە گرنگ بۆ بەدەسهێنانی ئەو دەسکەوتانە دەنگدەرانن، واتە یەکێتی دەبێ متمانەی ڕێژەیەکی زۆر دەنگدەران، بەتایبەتی لە کوردستاندا، بەدەسبهێنێ. ئەوەش بە وە دەبێ کە دەنگدەران تەسەوری بکەن کە یەکێتی هێزێکە توانای بەدیهێنانی داخوازییەکانی جەماوەر و ئامانج و بەڵێنەکانی خۆیەتی. بێگومان ئەوەش لە کاتێکدا دەگونجێ کە یەکێتی لەناوخۆیدا تەبا و بەهێز بێ و

---

[27] **گەندەڵی** بەڕادەیەک زۆر بووە کە خەریکە وەک ڕیباز و کولتور ڕێچکە بگرێ کە بەردەوام خۆی جێگیر بکا و گەندەڵی تر بەرهەم بهێنی. لە هەمان کاتدا گەندەڵی ناو حیزب ڕەنگی داوەتەوە لە ئیدارەکانی کۆمەڵگادا وە بە پێچەوانەشەوە.

هەموو توانایەکی خۆی بۆ ئامانجەکانی ئاڕاستە بکا و بخاتەگەر، نەک وزەی خۆی بۆ ناکۆکی ناوخۆ بۆ دەسەڵات بەفیڕۆ بدا.

ئاشکرایە لە تەبایدا فاکتەریکی زۆر بەهێزی یەکێتی هەڤاڵ مام جەلالە کە لە ناو یەکێتی و کوردستاندا بەهێزترین **موقناتیسی دەنگە**، واتە لە هەڵبژاردندا دەنگی زۆرترین کەس ڕادەکیشێ. ئەو فاکتەرەش پێویستە بە باشترین شێوە سودی لێ وەربگیرێ، چونکە بەرزترین ئامانجی یەکیتی لە هەڵبژاردندا دەبێ **بەدەسهێنانی زۆرترین دەنگ** بێ.
بەلام ئەگەر ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی وابکا، کەمتر سود لە فاکتەری مام جەلال وەربگیرێ، یا دووبەرەکی تەواو و جیابوونەوە ڕووبدا یا بەشێکی هاوڕێ نزیکەکانی هەڤاڵ مام جەلال وازبهێنن ئەوا نائومێدییەکی بەهێز لە ناو یەکێتی و کورددا دروست دەکا. سەرئەنجام لە هەڵبژاردندا دەنگدەرانی کورد هیوا نابینن لەوەی دەنگ بە یەکێتی بدەن یا هەر بەگشتی دەنگ بدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێتی و هاوپەیمانانی بکەونە زەمێنەیەکی نالەبارەوە و دەنگ کەمتر بهێنن و سەرئەنجامیش کورد لەپەرلەمانی عیراقیدا ئەندامی کەمتر دەبێ و یەکێتی لاواز دەبێ. ئەگەر ناکۆکییەکان گەشە بکەن دوور نییە لایەنگرانی یەکێتی توورە نەبن و دەنگ هەر نەدەن بەهاوپەیمانان بۆ ئەوەی پارتی بەهۆی دەنگی ئەوانەوە بەهێز نەبێ.
هەڤاڵ مام جەلالیش کە بەهێزتری جازبییەتی هەیە و فاکتەرێکی سەرکەوتنە، بەگشتی ئەگەر پاڵپشت و زەمینەی لەباری نەبێ جاربییەتی هەڤاڵ مام جەلال لاواز دەبێ و سەرکەوتنی تەواو بەدەست ناهێنێ. لە حاڵەتی وادا یەکێتی نەدەتوانێ پۆستی سەرۆک کۆماری بەدەسبهێنێتەوە وە یان پۆستێکی تری سیادی عیراقی وەربگرێت.
لەلایەکی ترەوە یەکێتی لاواز دەبێ لە بەرامبەر پارتی وە لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتیدا. ئاشکرایە کە پارتی چ حیزبێکە و بۆ چ ئامانجێک و بە چ شیوەیەک هەوڵدەدا. پارتی هێزێکی نادیموکراتە و ڕابووردویەکی پڕ شەرمەزاری هەیە، خاوەنی سەرکردایەتییەکە کە دروسکەری شەڕی ناوخۆ و 31 ئابە. سەرکردایەتی پارتی، کە لە دەست بارزانییان دایە، ئەوەندە کوێرانە خۆپەرستن، زۆر جار نەک هەر بەرژەوەندی کورد بەڵکو بەرژەوەندی حیزبەکەی خۆشیان نابینن.[28]
پارتی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە یەکێتی لاواز بکات و تەنازولی زیاتری پێ بکات، پارتی کە لەگەڵ یەکێتیدا هاوپەیمانیتی دەکا لەڕوانگەی نیشتمانپەروەرییەوە نییە بەڵکو لەبەر خاتری بەرژەوەندی و دەسکەوتەکانییانەوەیە.

## 3- چارەسەری کێشەکان
بێگومان ئێستا **هەڵبژاردنێکی ستراتیژی** لەبەر دەمدایە، کە سەرچاوەی دەسەڵاتیکی باش ودرێژخایەن دەبێ، لەبەرئەوە پێویستە یەکێتی خۆی بۆ کۆبکاتەوە. لەبەر ئەوەی دەنگدەران هەر ئەمساڵ دوو جار دەنگیان داوە تارادەیەک دیاردەی **بێزاری دەنگدان** لە ناو جەماوەردا دروست بووە. لە هەمان کاتدا زۆر کێشەی خزمەتگوزاری و گەندەڵی و شی تر چارەسەرنەکراوە، یەکێتی هەموو بەڵینەکانی بەدی نەهێناوە و لەگەڵ ئەوانەشدا ناکۆکی و ناتەبایی لە ناو یەکێتیدا بەردەوامە، کە پێویستی بە چارەسەری ڕیفۆرم و نوێکاری هەیە، ئەگەر یەکێتی **هەڵمەتێکی بەهێز** نەکا ئەوا چاوەڕوان دەکرێ یەکێتی و هاوپەیمانەکانی لە هەڵبژاردنی 12/15 دا زۆر کەمتر لە هەڵبژاردنی یەکەم دەنگ بهێنن. ئەگەر ئەو حاڵەتەش ڕووبدات ئەوا بەرەی کورد (و یەکێتیش) لە پەرلەمانی عێراقدا لاواز دەبێ، ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژەی دەنگدەرانی یەکێتی دابەزێ ئەوە بەدڵنیای زۆر زەحمەت دەبێ یەکێتی جاریکی تر بتوانێ پڕوای ئەو دڵرەنجاوانە بەدەستبهێنیتەوە و لە داهاتودا دەنگ بە یەکێتی بدەنەوە. ئەزمونی هەڵبژاردنی وڵاتان دەریانخستووە حیزبەکان ئاسانترە دەتوانن ئاستی پڕوای دەنگدەران بهێڵنەوە وەک لەوەی نزم بێتەوە و دووبارە بەرزی بکەنەوە.

لەبەر ئەوانە پێویستە هەر لە ئێستاوە یەکێتی ڕاستگۆیانە چالاکی چارەسازییانە لە ناو خۆی و دەزگا حکومییەکاندا دەسپێبکا.

---

[28] دووا خۆپەرستییان ئەوە بوو زۆر کەم و بەبێ بایەخەوە لە مێدیاکانیاندا باسی سەردانە مێژووییەکەی سەرکۆمار مام جەلالیان بۆ ئەمەریکا و UN دەکرد. بەپێچەوانەوە زۆر بەگرنکییەوە باسی یاوەریی نیچیرەوان بارزانیان لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال دەکرد. بەپێی هەواڵەکان وادەرکەتووە، کە هەڤال مام جەلال ڕۆڵی باشی بینیوە لە دەعوەتکردنی مەسعود بارزانی بۆ ئەمەریکا.

لەبەر ئەوەی ماوە زۆر کەمە تا هەڵبژاردن، یەکێتی فریای گۆرانکاری گەورە و بنچینەیی ناکەوێ وە سەرکەوتوش نابێ ئەگەر گۆرانکارییە پێویستەکان دوابخا بۆ ئەوەی پاشتر هەموو گۆرانکارییەکان بەیەکەوە بکا، بەڵکو پێویستە، بەبۆچوونی من، هەنگا و بەهەنگا دەست بە هەندێک کار و چارەسەرسازی بکا و لە هەمان کاتدا بەرنامەی جدی دابنێ بۆ داهاتو. بەو هەنگاوانە یەکێتی دەتوانێ مەبەست و نـێـتپاکی و جدێتی خۆی بۆ جەماوەر دەربخا، کە بەڵکو بەو شێوەیە دووبارە جەماوەر یەکێتیان بە بەهێز و دەسپێشکەر بۆ دەربکەوێ و بتوانن پروا و ئومێدیان پێی هەبێ، کە لە خزمەتی جەماوەردایە و جاریکی تر لە هەڵبژاردندا دەنگی پێبدەنەوە.

**هەندێک لەو چالاکیانەی کە پێویستە بکرێن:**

**1-** بەجدی لێکۆلینەوەی گەندەڵی و پاکسازی دەسپێبکا.
**2-** بەپێی توانا ئەوەی دەکرێ لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان چاکتر بکرێن، وەک کێشە ئاو، کارەبا، نەوت و بەنزین و ڕیگاوبان...هتد، کە لەوانەیە بەشێکی کێشەکە پەیوەندی بە ناتەواوی ئیدارییەوە یا گرانکردنەوە هەبێ، ئەوەی کە ئێستا لە تواناڈا نییە جێبەجێبکرێ، پێویستە بخرێتە بەرنامەی چارەسەریی درێژخایەنی داهاتووە.
**3-** بەستنی **گۆنگرەی تایبەتی** (کتوپری)، بێگومان ماوە زۆر کەمە بۆ پەرژانی بەستنی گۆنگرە، بەڵام دەتوانرێ وەک چالاکییەکی گەورەی هەڵمەتی هەڵبژاردن کۆنگرەیەکی تایبەتی دوو ڕۆژی لەکۆتایی مانگی یازدەدا ببەسترێ، کە هەندێک تەوەرەی تێدابێ کە **بتوانێ جۆش و گورێکی بەهێز بۆ هەڵبژاردن و داهاتو بە یەکێتی بدا**. ئەو تەوەرانە وەک: ڕوونکرنەوەی بەرنامەی هەڵبژاردن (هەرچەندە تا ئەو کاتە لیستی کاندیدەکان و بەرنامەی هەڵبژاردن و زۆر شتی تری داڕێژراوە بەڵام هەر زۆر گرنگە کۆنگرە پەسەندی بکا و لە پشتییەوە بێ، بۆ ئەوەی نوێنەران و ئەندامان لە ناو جەماوەردا بانگاشەی جدی و بەهێزی بۆ بکەن)، ژنان و لاوان، بریاری دیاریکردنی کاتی کۆنگرەی ئاسایی لە ساڵی داهاتودا، هەروەها هەڵبژاردنی چەند لیژنەیەک بۆ ڕیفۆرم، پێرەوی ناوخۆ و پرۆگراوم، کە پێشنیار ئامادەبکەن بۆ کۆنگرەی داهاتو. لەهەمان کاتدا بنەبڕکردنی دیاردەی خەت و باڵ لە یەکێتیدا و دەرخستنی ڕووکارێکی تەبا و پۆزەتیڤی یەکێتی. زۆر گرنگە میکانیزمیکی باش کۆمپرۆمایز دابنرێ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و دابەشکردن دەسەڵات.
**4-** لێپرسراوان و کادران و ئەندامان بە چڕی بچنە ناو جەماوەرەوە، گفتوگۆ و **قسە لەگەڵ هاوڵاتیان بکەن، نەک قسەیان بۆ بکەن**.

لە کۆتایدا ئەگەر یەکێتی بە تەبایي گەشە بکات ئەوە بوار زۆر دەبێ کە هەڤاڵ مام جەلال لە داهاتودا بتوانێ دووبارە بۆ جاری دووەم هەڵببژێردرێتەوە بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق[29] ، کە هیوادارم دووبارە ئەو ئاواتەمان بێتە دی.

[29] بێگومان هەڤاڵ مام جەلال بوار و شایستەی هەیە کە کاری/پۆستی UN و سۆسیالیست ئینتەرناشونال یا ڕێکخراوی تری جیهانی وەربگرێ. هەرچەندە ئێستا تەمەنی هەڤاڵ مام جەلال لە خانەنشینی لایداوە و مافی هەیە پشوبدات، بەڵام بۆ کەسانی بەگوڕ و پسپۆر و سیاسەتمەدارانی وەک ئەوان لە ئاستی جیهانیدا تا تەمەن هەشتا ساڵیش داخوازییان لەسەرە. بەهەرحاڵ تەمەنداری هەڤاڵ مام جەلال دەبێ وا لە هەڤاڵانی یەکێتی بکا، کە بە پەرۆش و مەسئولییەتەوە ئەوپەڕی سوود لە توانا و بەهرەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ کورد و کوردستان وەربگیرێ. ئەگەر دووبارە هەڤاڵ مام جەلال بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردرێتەوە و بارودۆخی عیراق چاکتر و بەرەو ئاشتی و دیموکراتی پروا، کە مەسەلەیەکی گرنگە و چاوی هەموو جیهانی بەسەرەوەیە، دوور نییە هەڤاڵ مام جەلال پێشنیار بکرێ بۆ وەرگرتنی **خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ**.